

سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی تازە دەکات:

بە هەموو توانایەک پشتگیری لە سەرۆکوەزیرانی تازەی هەرێم دەکەم

دوێنێ چوارشەمە 2019/7/10 سەرۆک مەسعود بارزانی لە تویتەری تایبەتی خۆی پیرۆزبایی لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. کە ئەمە دەقەکەیەتی

پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی و کابینەکەی دەکەم کە ئەمڕۆ متمانەیان لە پارلەمانی کوردستان وەرگرت.

هیوای سەرکەوتن بۆ سەرۆک وەزیرانی تازەی هەرێمی کوردستان دەخوازم و بە هەموو توانایەک پشتگیری دەکەم لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خەلکی هەرێمی کوردستان.

2

نێچیرڤان بارزانی: سەرۆک ماکرۆن بانگهێشتی ئێمەی قبوولکرد بۆ ئەوەی سەردانی هەولێر بکات

نێچیرڤان بارزانی و ماکرۆن دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



لە بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا دوایین پێشهاتە ئەمنی و سیاسییەکانی ناوچەکە، پەیوەندی و کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و هەولەکانی چارەسەرکردنیان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی هاوکاریکردنی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانیان، تاوتوێ کرد.

دریژەی هەواڵەکە لەلاپەرەی (2) بخوێنەوە

بەرێز ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا پشتگیریی ولاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و خۆشحالی و پشتگیریی خۆی بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆ و هەولەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی عێراق دەربڕی.

ئێوارەی دوێنێ چوارشەمە 2019/7/10 لە کۆشکی ئەلیزێ لە پاریس، بەرێز ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا پێشوازی

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5787) پێنج شەمە 11ی تەمموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی پەرلەمانی وەرگرت

مەسرور بارزانی: بە رابەرایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی گیانی بەرگری و خۆڕاگری لە هەرێمدا بەرز و بەهێز ماوەتەوە



دوێنێ چوارشەمە 2019/7/10 حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی متمانەی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرت و دوای سوێندخواردنی ئەندامانی پێکهاتەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا هێڵە گشتییەکانی کارکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو و ڕاشیگەیاند کاری سەرەکیمان ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازییە، هەروەها گوتیشی: ئەمڕۆ لە سایەی خوێنی شەهیدان و تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکان و خۆڕاگریی گەلەکەمان، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دایکبوو، کە بەڵگەیەکی دیکەی ئیرادەی سیاسی هێزە کوردستانییەکانمانە، لە پابەندبوون بە پرۆسەی دیموکراسیی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

دەقی وتارەکە لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا هێڵە گشتییەکانی کارکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو:

بە هیچ جۆرێک بەرانبەر بە گەندەڵکاران و سەرپێچیکەران نەرمی نانوێنین و دەبێت خواستی هاووڵاتیان بەجێ بگەیەندرێت

فۆتۆ: ئازاد لەشکری

زانیاری زیاتر لەلاپەرەکانی5-4 بخوێنەوە

نێچیرڤان بارزانی و ماکرۆن دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



سەرۆکی هەرێمی کوردستان باس لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ماکرۆن دەکات

نێچیرڤان بارزانی: سەرۆک ماکرۆن بانگهێشتی ئێمەی قبوولکرد بۆ ئەوەی سەردانی هەولێر بکات



دوای کۆبوونەوەی ئێوارەی دوێنێ چوارشەممە 10/7/2019ی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز ئەمانوێل ماکرۆن سەرکۆماری فەرەنسا کە لە پاریس، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی، کۆبوونەوەیەکی باشمان لەگەڵ سەرۆک ماکرۆن هەبوو و جەنابیمان ئاگادار کرد، بێگومان خۆتان دەزانن دوای ڕووداوەکانی دوای ڕیفراندۆم فەرەنسا بەتایبەتی سەرۆک ماکرۆن ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەوەی کە هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە لەڕووی سیاسییەوە بەڕووی جیهاندا بکرێتەوە و ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو لەو کاتەدا و هەر ئەوەش وای کرد کە دواتر توانیمان هەندێک کێشە کە لەگەڵ بەغدا هەبوو، چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە و ئەوە بەردەوام بوو تا ئێستا.

لە بەردەوامیی وتەکەیدا بەڕێزیان ڕایگەیاند: دوای ئەوەی کە بە شێوەیەکی فەرمی بوومە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەلایەن کۆشکی سپاسی فەرەنسامان کرد بۆ ڕۆڵیان لە پرسی شەڕی داعش کە هاوکاری پێشمەرگە بوون، سوپاسی فەرەنسامان کرد بۆ ئەو هاوکارییە مرۆییانەی کە بۆ ئاوار و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کردوویەتی و بڕیارشمان دا کە هەوڵ بدەین پەیوەندییەکانی نێوانمان هەم لەڕووی ئابووری و هەم لەڕووی سیاسییەوە پەرەی پێ بدەین.

لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەوانیدا دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و پاریس، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە دەمانەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە پەیوەندییەکانمان بەرەو پێشەوە بەرین، چونکە هەرەوەک باسمان کرد فەرەنسا ڕۆڵێکی گرنگی بینی و دەمانەوێ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ فەرەنسا لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە بەرەو پێشەوە ببەین.

سەبارەت بە سەردانی بەڕێز سەرکۆماری فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئاشکرای کرد، لە چوارچێوەی سەردانی خۆیدا بۆ عێراق، بەڕێز ماکرۆنمان داوەت کردووە کە سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات و بە سوپاسەوە قبوولی کرد و هیوادارین لە چوارچێوەی سەردانیدا بۆ عێراق، سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات.

دەربارەی متمانەدانی پەرلەمان بە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی بەڕێز ماکرۆن لەوبارەیەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی، زۆر خۆشحاڵ بوو کە ئەمڕۆ گوێبیستی ئەو هەواڵە بوو کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم پێکهێنراوە و خۆشحاڵ بوو بەوە و هیوای خواست کە ئەم کابینەیە بتوانێت سەرکەوتوو بێت لە کارەکانیدا.

بەڕێز ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆی بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و گفتوگۆ و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی عێراق دەربڕی.

ئێوارەی دوێنێ چوارشەممە 2019/7/10 لە کۆشکی ئەلیزێ لە پاریس، بەڕێز ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا پێشوازی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا دوایین پێشهاتە ئەمنی و سیاسییەکانی ناوچەکە، پەیوەندی و کێشەکانی هەولێر - بەغدا و هەوڵەکانی چارەسەرکردنیان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی هاوکاریکردنی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانیان، تاوتوێ کرد.

بەڕێز ماکرۆن، سوپاس و پێزانینی فەرەنسای بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی لە ڕووبەڕووبوونەوە و شکاندنی تیرۆر و پێشوازیکردنی ئاوارە و پەنابەران و پاراستنی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دووپاتی کردەوە کە فەرەنسا لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەورووپا و لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە پشتگیریی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، وێڕای سوپاسی پشتگیری و هاوکاریە سەربازی و سیاسی و مرۆییەکانی فەرەنسا، بەتایبەتی ئاماژەی بە ڕۆڵی سەرۆک ماکرۆن کرد لە پشتگیریی سیاسی و دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژە سەختەکاندا کە بووە هۆی کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پوختەیەکی دەربارەی دۆخی هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکەی پێشکەش کرد، جەختیشی لە پاراستن و پەرەپێدانی کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی لەنێوان پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە.

دەرفەتی کار و وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا فەرەنسییەکان لە هەرێمی کوردستان، پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ فەرەنسا، بارودۆخی سووریا و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەی هەردوولا بوون.

نێچیرڤان بارزانی بۆ مەسرور بارزانی:

دڵنیام ئەوپەڕی توانای خۆتان و تیمەکەتان دەخەنەگەڕ بۆ خزمەتکردنی هەرێمی کوردستان

بەڕێز مەسروور بارزانی،
سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
سلاو و ڕێز..

خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان متمانەی دا بە بەڕێزتان وەک سەرۆک وەزیران و بە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بەو بۆنەیەوە بە گەرمی پیرۆزبایی لێدەکەم.

ئەمە دەستکەوتێکی دیکەی بەردەوامبوونی پرۆسەی گەشەپێدان و قوواڵکردنەوەی دیموکراسییە لە هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی ویست و خۆڕاگری و هاوکاریی هاوواڵتیان و لایەنە کوردستانییەکان و دۆست و پشتیوانانی گەلەکەمان.

ئێوە شایستەی ئەم بەڕپرسیاریەتی و متمانەیەن، دڵنیام ئەوپەڕی توانای خۆتان و تیمەکەتان دەخەنەگەڕ بۆ خزمەتکردنی هەرێمی کوردستان. ئەزموونی چەند ساڵەی کارکردنمان بۆ پاراستن و پێشخستنی دۆزی گەلەکەمان و پیادەکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بە زۆر قۆناغی هەستیار و سەختدا تێپەڕی، هیوادارم ئەو سەختیانە نەبینینەوە و هەموو تواناکان بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی زیاتری کوردستان تەرخان بکەین.

دڵنیام ئێوە لێهاتووانە، چالاک و کارا بەسەر گرفتەکاندا زاڵ دەبن، وەری تیمەکەتان بەرامبەر تەحەددییەکان بەرز دەکەنەوە و ئەنجامی باش و خوازراو بەدەستدەهێنن. هیچتان دڕێخی ناکەن لە ئەرک و جێبەجێکردنی کاری ڕۆژانە و دڕێژخایەن بۆ دڕێژەدان بە دابینکردنی ئارامی، ئاسایش، گەشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەرێمی کوردستان.

گەلی کوردستان و بەڕێزتان و کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە کە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەوپەڕی تواناوە پشتیوانی و هاوکاریی سەرکەوتنی کاری ئێوە و کابینەی نۆیەمی حکوومەت دەکەم.

سەرکەوتنی ئێوە و جێگری سەرۆک وەزیران و تەواوی وەزیرەکان بۆ خزمەتکردنی هەرێمی کوردستان، سەرکەوتنی هەموومان و سەرکەوتنی گەل و هەرێمی کوردستانە.

لەگەڵ ڕێزمدا..

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/7/10

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا کۆدەبنەوە



لە کۆبوونەوەی نێوان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز جۆن ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، دوا پێشهاتەکانی ناوچەکە لە ڕووی ئەمنی و سیاسییەوە، پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و پاریس لە بوارە جیاوازەکاندا و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر - بەغدا بەپێی دەستووری عێراق، خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە ئێوارەی دوێنێ چوارشەممە 10/7/2019 لە پاریس بەڕێوەچوو، دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی فەڕەنسا لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان، هەنگاوە پێویستەکانی دوای قۆناغی شەڕی داعش لە ئاوەدانکردنەوە و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ ناوچە زیانبەرکەوتووەکان و هاوکارییە بەردەوامەکانی فەڕەنسا بۆ هەرێمی کوردستان لە کاتە سەختەکاندا، باس کران.

تاوتوێکردنی بوونی دەرفەتی کار و وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا فەرەنسییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی و بەرز نرخاندنی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە قوباد تاڵەبانی دەکات

وەک سەرۆکی هەرێم بەردەوام دەبم لە پشتیوانی و هاوکاریکردنتان بۆ سەرکەوتنی کارەکانتان لە کابینەی نوێدا

بەڕێز قوباد تاڵەبانی،
جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
سلاو و ڕێز..

بە بۆنەی متمانەوەرگرتنی بەڕێزتان وەک جێگری سەرۆک وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بە گەرمی پیرۆزبایتان لێدەکەم.

هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە و کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەخوازم. خۆشحاڵ بووم کە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە کارمان کرد. دڵنیام وەک هەمیشە دڵسۆزانە و بە هەستی بەرپرسیاریەتییەوە، خزمەتی کوردستان دەکەن و ئەرک و کارەکانتان جێبەجێ دەکەن.

وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەردەوام دەبم لە پشتیوانی و هاوکاریکردنتان بۆ سەرکەوتنی کارەکانتان لە کابینەی نوێدا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/7/10

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
خەبات | پێنج شەممە 2019/7/11 ژمارە (5787)

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان متمانەی پەرلەمانی وەرگرت

مەسرور بارزانی: بە رابەرایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی گیانی بەرگری و خۆڕاگری لە هەرێمدا بەرز و بەهێز ماوەتەوە

سوپاس و ڕێزم ئاڕاستەی کابینەی هەشتەم و برای بەڕێزم کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم، کە لە رۆژە سەختەکانی ڕابردوودا دەستکەوتی بەرچاویان هەبووە

ئەم کابینەیە ئەرکی خزمەتی هاوواڵتیان لە پێش هەموو کار و ئەرکەکانی دیکەی دادەنێت



بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان،

خۆم بە خۆشحاڵ و بەختەوەر دەزانم کە ئەمڕۆ لەگەڵ هاوکارانم لەبەردەم ئەم پەرلەمانە بەڕێزە، کە دەستکەوتی خەبات و قوربانیدانی گەلەکەمانە، متمانەمان پێ بەخشرا وسوێندی یاساییمان خوارد.

ئەمڕۆ لە سایەی خوێنی شەهیدان و تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکان و خۆراگریی گەلەکەمان، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدایک بوو، کە بەڵگەیەکی دیکەی ئیرادەی سیاسیی هێزە کوردستانییەکانمانە، لە پابەندبوون بە پرۆسەی دیموکراسیی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

لێرەدا بە پێوستی دەزانم ستایشی هاوڵاتیانی کوردستان بکەم، کە لە 2018/9/30 لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا بەشداربوون و دەنگیان داو و سوپاسیان دەکەین کە لە پێناو پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز و پاراستنی تەبایی و یەکڕیزیی هێزەسیاسییەکان، لەگەڵمان پشوودرێژ بوون.

لەمڕۆژەدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینم ئاراستەی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەم کە بە ڕابەرایەتی جەنابیان گیانی بەرگری و خۆراگری لە هەرێمدا بەرز و بەهێز ماوەتەوە و بەو هۆیەشەوە توانیومانە لە هەموو ئاستەکاندا بەرگەی سەختییەکان بگرین و ئیرادەی گەلەکەمان بەسەر خواستی ناحەزان سەرخەین.

هەر لێرەدا سوپاس و ڕێزم ئاراستەی کابینەی هەشتەم، بە تایبەت برای بەڕێزم کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم، کە لە رۆژە سەختەکانی ڕابردوودا لە خزمەتی هاوڵاتیان و نیشتمان بەردەوام بوون و دەسکەوتی بەرچاویان بۆ خزمەت و گوزەرانی هاوڵاتیان هەبووە.

بەڕێزان سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستان، سوپاسی ئێوەی نوێنەرانی گەل دەکەم، کە متمانەتان بە خۆم و جێگری سەرەکوەزیران و وەزیرە بەڕێزەکانی هاوکارم بەخشی. بێگومان بە هەموو توانایەکمان هەوڵ دەدەین لە ئاست ئەم متمانەیە بین.

پلان و ئامانجەکانمان بۆ خزمەتی هاوڵاتیان لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی کار ڕێکخستووە، کە نەخشەڕێگای سەرەکی و گشتیمان دەبێت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەک برگەی دووەمی وتارەکەم دەیخەمە ڕوو.

بەڕیزان، زۆربەی حیزب و لایەنەکانەکانی بەشداربووی ئەم کابینەیە لە ماوەکانی ڕابردوودا بە دروشم و وتاری جۆراوجۆر، باسیان لە پێویستیی خزمەتێکی باشتری هاوڵاتیان کردووە، هیوادارین ئەم بەڵێن و دروشمانە لەم کابینەیەدا بکرێنە کردار و جێبەجێ بکرێن، چونکە ئەم کابینەیە ئەرکی خزمەتی هاوڵاتیان لە پێش هەموو کار و ئەرکەکانی دیکەی دادەنێت و خۆی بە خزمەتکاری هاونیشتمانیان دەزانێت. بۆیە لای ئێمە هاوڵاتی مێحوەری سەرەکی دەبێت و ئامانجی گەورەمان خزمەتکردنیانە بەبێ جیاوازی.

چاوەڕوانیی زۆر لەم کابینەیە دەکرێت، هەوڵ دەدەین لە ئاست ئەم چاوەڕوانییە بین، لە هەمانکاتدا هیوادارم جەماوەری خۆشەویستمان واقعبین بن و کۆسپ و کێشە و گرفتە کەڵەکەبووەکان بەرچاو بگرن، چونکە تێپەڕاندنی ئەم کۆسپ و تەگەرانە بە شەو و ڕۆژێک ناکرێت و دەبێت هەموومان پشتیوان و هاوکاری یەکتر بین.

دەمانەوێت لە سەرەتاوە لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆمان ڕاستگۆ و شەفاف بین و واقعی دۆخەکە لەبەرچاو بگرین، بەڵام لە هەمانکاتدا بەڵێنی ئەوە دەدەین کە ئەوەی لە تواناماندا بێت دریغی ناکەین و لە پێناو چارەسەریی بنەڕەتیی گرفتەکان وخزمەتی گەل و وڵات هەموو هەوڵ و توانایەکمان دەخەینە گەڕ.

بەڕێزان.. بەپێی هەموو ڕاپرسییەکان، خواستی یەکەمی هاوڵاتیانمان ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە. خواستی یەکەمی منیش لەم کابینەیەدا ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازییە. گەندەڵی دیاردەیەکی ترسناکە، بەڵام نەبووەتە کولتوور و لە تواناماندایە بە پاڵپشتیی ئیرادەی هاوڵاتیان و هاوکاریی داموددزگا پەیوەندیدارەکان، لە ماوەیەکی کەمدا ئەم دیاردەیە بەرێژەیەکی بەرچاو بەرتەسک و بچووک بکەین. ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا بۆ بەرەنگاریی گەندەڵی نراون بەرز دەنرخێنین و لەمەولاش بە هیچ جۆرێک بەرامبەر بە گەندەڵکاران و سەرپێچیکەران نەرمی نانوێنین و دەبێت خواستی هاوڵاتیان بەجێ بگەیەندرێت.

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان و جەماوەری خۆشەویستی کوردستان، هەموو ئەم وەزیرە بەڕیزانەی هاوکارم، کە لە لایەن حیزبەکانیانەوە پێشنیارکراون، ئێستا دوای ئەوەی متمانەیان پێ درا و سوێندی یاساییان خوارد، بوون بە وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە مەولا ئەجێندا و بەرنامەی حکومەتی هەرێم جێبەجێ دەکەن و هیچ وەزارەتێک یان وەزیرێک ناتوانێت و ڕێگەی پێنادرێت لە دەرەوەی بەرنامەی حکومەت ڕەفتار بکات. وەزیرە بەڕێزەکان سەر بە هەر لایەنێک بن، پێویستە بزانن وەزارەتەکانیان هی هەموو خەڵکی کوردستانە و نابێ بەرژەوەندییە تایبەتی و حیزبییەکان بالّ بەسەر هیچ وەزارەت یان دامودەزگایەکی حکومیدا بکێشێت. ئەم حکومەتە کار و چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی لە هەر بستێکی کوردستاندا دەبێت و حکومەتی هەموانە.

بەڕێزان.. حکومەتێکمان وەرگرتووە کە چەندین ملیارد دۆلار قەرزدارە، ئەم قەرزانە کەڵەکەبووی ڕەوشی نالەبارى دارایی دۆخێکی نەخوازراوە و دەبێت هاوڵاتیانی ئازیزمان و هەموو دڵسۆزان لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش بزانن، کە بەشی زۆری ئەم قەرزانە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، ئەویش بەهۆی نەناردنی بەشە بودجەیەک، کە موچە و مافی هاوڵاتیانی هەرێم بووە. ئەم ڕەوشە دارایی لە دەسپێکدا کابینەکەمان ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی دارایی دەکاتەوە، بەڵام هەوڵ دەدەین بە پێی بەرنامەی کارمان ئەم دۆخە تێپەڕینین.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەیەک بە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکەین. بەڕیز عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی فیدراڵ بە کردەوە نیازپاکیی خۆی بۆ چارەسەریی کێشەکان پێشاندەوە، کە جێگەی پێزانینە، بۆیە دەبێت هەردوولامان سوود لەو کەشە ئیجابییە وەرگرین و بە پێی دەستور هەنگاو بۆ چارەسەریی گشت کێشە هەڵواسراوەکان بنێین. لێرەدا دڵنیایی دەدەین کە ئەرکی هەرە لەپێشینەمان کارکردن دەبێت بۆ ئەوەی زەمینەیەکی لەبارتر بڕەخسێنین، تاکو دانوستانەکان بەرهەمدارتر بکرێن و بەکردەوە ئەنجامەکان ببینین. بۆ دەرخستنی نیازپاکیشمان لە ماوەیەکی نزیکدا دوای جێگیربوونی کابینەی نوێ سەردانی بەغدا دەکەین و هاوکار و هاوهەڵوێستی ئەو هێزانە دەبین، کە خوازیاری سەقامگیری و پێشکەوتنی عێراق و هەرێمی کوردستانن.

کوردستانێکی بەهێز هەوێنێک دەبێت بۆ عێراقێکی فیدرالیی بەهێز و پێشکەتوو .

لە کۆتاییدا داوای هاوکاری و پشتگیری لە هاوڵاتیانی کوردستان دەکەم، تاکو بتوانین پێکەوە ڕووبەڕووی گرفتەکان ببینەوە و بەرنامەی کاری حکومەت بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان جێبەجێ بکەین.

خوا پشتیوان بێت، بەردەوام دەبین لە هەوڵ و تێکۆشانمان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی باب و باپیرانمان و پابەند و بەرپرسیار دەبین لە خەباتێکی سەردەمیانە، تا گەیشتن بەو قۆناغەی کە ئاواتی شەهیدانمان و هەموو تێکۆشەران و پێشمەرگە قارەمانەکان و هاوڵاتیانی خۆراگری کوردستان بووە.

ئەمەی لێرەدا دەیخەینەڕوو تەنها هێلە گشتییەکانی کارنامەی حکومەتە و تیایدا ئامانجی گەورەمان هەڵگرتووە و ئیرادەیەکی بەهێزیشمان هەیە بۆ جێبەجێکردنیان، بەڵام دەمانەوێت زۆرترین کار و کەمترین گوتارمان هەبێت.

پەیامی پیرۆزبایی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر

کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر پیرۆزبایی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی دەکات. لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، کونسوڵخانەی ئەمەریکا پەیامێکی پیرۆزبایی بە بۆنەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە و نووسیویەتی: "پیرۆزبایی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، لە پێناو گرنگیدانی زیاتر بە بەرژەوەندی هاوبەشمان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدات".

پەیامی پیرۆزبایی کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر

کونسوڵخانەی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر هیوای سەرکەوتن بۆ سەرۆک وەزیران ڕێزدار مەسرور بارزانی و سەرجەم تیمە حکوومەتییەکەی دەخوازێت. کونسوڵخانەی فەرەنسا متمانەی هەیە بە توانای ئەم کابینە تازە پێکهاتووە کە بە زووترین کات وەڵامی چاوەڕوانییەکانی خەڵکانی هەرێمی کوردستانی عیراق بداتەوە لە بوارەکانی هەلی کار و ئاسایش و حوکمڕانی باش و خزمەتگوزاری گشتیی. کونسوڵخانە دەزانێت کە ئەم کابینەیە پێداگیری دەکات بە هێشتنەوەی ئاستێکی بەرزی دیالۆگ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و پتەوکردنی زیاتری یەکگرتوویی هەرێمی کوردستان، کە ئەمانە مەرجن بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان لەگەڵ بەغدا.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/7/11 ژمارە (5787)
خەبات

کارنامە و هێڵە گشتییەکانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



کارنامەی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان

دوێنێ چوارشەممە 2019/7/10 پەرلەمانی کوردستان متمانەی بە کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی بەخشی و دواتر سەرۆکوەزیرانی کوردستان مەسرور بارزانی وتارێکی پێشکەشکرد و هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکوومەتیشی بۆ پەرلەمان و هاوواڵتییانی کوردستان خستەڕوو، ئەمەش دەقی هێڵە گشتییەکان و کارنامەی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستانە بۆ چوار ساڵی داهاتوو.

چاکسازی ئابووری کوردستان

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کار لەسەر بنیاتنانی ئابووریەکی بەهێز و هەمەجۆر دەکات، کە خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاوواڵتییان دابین دەکات.

کەمکردنەوەی قەرزەکان

حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە هاندان و دەرفەتی زیاتری وەبەرهێنان و گەشەسەندن لە تەواوی هەرێمی کوردستان، دەشزانێن گۆڕانکاری لە شەو و رۆژێکدا ناکرێت، دەبێت یەکەمجار کۆنترۆڵی ئابووری هەرێم بکەین و قەرزەکان کەمبکەینەوە.

هاوکات کابینەی نوێ کار لەسەر پەیوەندییەکی بیناتنەرانە دەکات لەگەڵ حکومەتی فیدرالی لە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی قەرزەکانی هەرێم، هەروەها بەدەستهێنانی پشکێکی داپەروەرانە لە سامانی وڵات.

هاندانی ئابووری هەمەچەشن

هەرێمی کوردستان سوودی زۆری لە داهاتی نەوت و گاز بینیوە، بەڵام ئێستا کاتەکە گۆڕاوە و دەبێت هەل و دەرفەتی زیاتر بۆ خۆمان دروست بکەین.

یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی حکوومەت بەدیهێنانی پێوەرە هەمەچەشنەکانی ئابووریە. لەگەڵ سوود وەرگرتن لە سامان و سەرچاوە بەردەوامەکانی وزە، ئەم دەستپێشخەرییانە هانی وەبەرهێنان لە سێ سێکتەری گرنگ دەدات: پیشەسازی، کشتووکاڵ و گەشتووگوزار، کە ئاسانکاری بۆ بزاوتی بازرگانی دەکات لە هەرێمی کوردستان. چوارچێوەیەکی ڕێکخستنی دروست بۆ هاندانی وەبەرهێنان و خاوەنکارانی ناوخۆیی و بیانی دادەنێین و ئاسانکاری بۆ بزاوتی بازرگانی و وەبەرهێنان دەکەین لە سەرتاسەری کوردستان.

هاوکات روتین و بیرۆکراسی کەمدەکەینەوە و هەوڵدەدەین خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاریی و پشتیوانیی پێشکەشی خاوەنکاران بکەین کە بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئەنجامی باش وخێرا پێویستیانە.

ئاسۆی داهاتووی ئابووری کوردستان، ڕوو لە گەشەسەندنە، وەبەرهێنەران و هاوبەشە خاوەنکارەکان، سوودمەند دەبن لە پێداگری شێوازی کارکردنی حکوومەتی نوێ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کۆسپ و تەگەرە داراییانەی دێنە بەردەمیان، بە شێوەیەکی ڕوون و شەفاف، لەگەڵ دانانی بنەمای پێویست بۆ سەرکەوتنی گەشەی ئابووری بەردەوام و فراوان.

حکوومەتی ئەلیکترۆنی

حکوومەت پابەندە بە گەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتیی بۆ هەموو تاکێک لە هەرێمی کوردستان، ئێمە پابەندین بەوەی کە دەبێت ئەم خزمەتگوزارییە ڕوون (شەفاف) و بەردەست بن بۆ هەموان. ڕەهەندی سەرەکی ئەو پلانەش حکوومەتی ئەلیکترۆنییە.

بە وردی و وریاییەوە ئەو کارە دەکەین، چونکە ئەو گۆڕانکارییە کات و پلانێکی وردی پێویستە، لەسەر بنەمای ئەو پرۆسەیەش، کارەکە هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەکرێت، هاوواڵتیان و کۆمپانیاکان پێویستیان بە کات دەبێت تاکو لەگەڵ مەبەستە نوێکانی پەیوەندییان لەگەڵ حکوومەت بگونجێن. لەبەر ئەمەش، گۆڕانی دیجیتاڵی جێگای خزمەتگوزارییە باوە مۆدێرنەکان ناگرێتەوە، بەڵکو تەواوکاریان دەبێت.

پرەنسیپە سەرەکییەکان:

ستراتیژیەتی گۆڕانکاری دیجیتاڵی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزراوە، ئەوانیش:

1- هاوواڵتی چەقی خزمەتگوزارییە: بە گشتی هاوواڵتیان و فەرمانبەرانی وڵات، مامەڵە لەگەڵ خزمەتگوزاریی دیجیتاڵی حکوومەتدا دەکەن. ئێمەش بە ڕاوێژ و تێگەیشتن لە پێداویستییەکانییان کارەکەین و لە ڕێگای چەند ئامرازێکی جیاوازەوە، خزمەتگوزارییە بەردەستەکان پێشکەش دەکەین.

2- سەکۆی هاوبەش: سەکۆیەکی هاوبەش تێچووەکان کەمدەکاتەوە، داتاکان پارێزراو دەکات و پەرە بە خزمەتگوزارییە بەردەوام و بەردەستەکان دەدات. ستراتیژیەتی گواستنەوەی دیجیتاڵی ئێمە، لە چوارچێوەی سەرجەم وەزارەتەکان بە مەبەستی دڵنیابوون لە کەمبوونەوەی تێچوو و بەرهەمی بەردەوام جێبەجێدەکرێت.

3- پاراستنی سەلامەتی و تایبەتمەندێتی: ئینتەرنێت دەکرێ بۆ زیانگەیاندن بەکاربهێنرێت، بۆیە تەواوی خزمەتگوزاریی و ژێرخانەکان بە پتەوی نەخشەی بۆ دەکێشرێت، کە ئاسایشێکی زۆری تێدا جێگیر کرابێت. بەمجۆرە، زانیاری هاوواڵتیان سەلامەت و پارێزراو دەبێت.

ئێمە دەمانەوێت لە ساڵی یەکەمدا چی پێشکەش بکەین:

لە ماوەی ساڵی یەکەمدا، ئەم شتانە دەبینرێن:

– سیستەمی تاک پەنجەڕەیی، یان تاک دەروازەیی، کە ڕێگەیان پێدەدات دەستیان بە زانیاری و خزمەتگوزارییەکان بگات لە ڕێگەی یەک وێبسایتەوە.

– سیستەمی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی.

گۆڕانکاریی دیجیتاڵی (حکوومەتی ئەلیکترۆنی)، لە ماوەیەکی درێژدا شێوازی کارکردنی حکوومەت دەگۆڕێت، ئەگەرچی ئەوە بە کاتێکی زۆر دەکرێت، بەڵام ئێمە پابەندین بەوەی ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنین، بە شێوەیەکی ڕوون و شەفافیش کار لەسەر ئەو پرسە دەکرێت.

پابەندبوونەکانمان بۆ حکوومەتێکی باش:

حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان بە بەهێزییەوە دادەمەزرێنرێت، لەگەڵ ئەوەش بە کراوەیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەمێنێتەوە.

لە سەروو ئەمانەشەوە، حکوومەت خۆی بۆ خزمەتکردنی هاوواڵیان تەرخان دەکات.

ڕوونی (شەفافیەت)ی زیاتر:

لەبەر ئەم هۆکارە، هەوڵ بۆ حکوومەتی ئەلیکترۆنی دەدەین، تاکو خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی زیاتر بەردەست بن، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆفیشنالتر، شەفافتر و سەردەمیانەتر بێت.

بە پەیڕەوکردنی چاودێری و کۆنترۆڵێکی زیاتر بەسەر ئابووری کوردستان و زیاتر کردنی شەفافیەت، دڵنیا دەبینەوە لەوەی بودجەی تەرخان کراو لەو شوێنانە خەرج دەکرێن کە پێویستن، ئەوانەشی پارەکە خەرج دەکەن، بەڕپرسیار دەبن لە چۆنیەتی خەرجکردنەکە.

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

بە گوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەکان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەڵای هاوواڵتییانەوە کارێکی لە پێشینەیە، لەسەر ئەو بنەمایەش، حکوومەت هەموو هەوڵێک دەدات بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بێت و لەناوی ببات.

هەڵوێستمان ڕوونە، فەرمانبەرانی کەرتی گشتی پێویستە خزمەت بکەن، نەک پێگەی خۆیان بۆ مەبەستی دیکە بەکاربهێنن، بۆیە پێویستە هەموو جومگەکانی حکوومەت لەسەر بنەمای لێپەاتوویی، کارامەیی، شارەزایی و تایبەتمەندی دەستنیشان بکرێن.

ئەو فەرمانبەرانەی حکوومەت، کە بەوپەڕی تواناوە کار دەکەن و خزمەت دەکەن و پابەندن بە کار و بەرهەمی کارەکانییان، ڕێزیان لێ دەگیرێت و خەڵاتیان دەکەین.

کارکردن بۆ داهاتوو

تەنها بەوەندە ناوەستین، کەرتی گشتی پێویستی بە چاکسازییە و بۆ ئەوەش پێویستە چاو بە میکانیزمەکاندا بخشێنرێتەوە، خزمەتگوزاریی دیجیتاڵی نوێ و کەمکردنەوەی بیرۆکراسی، لە چەقی کارنامە و ئەجێندای ئێمەیە بۆ داهاتوو.

ئەگەرچی گۆڕانکاریی کاتی زۆری دەوێت، بەڵام داوا لە هەمووان دەکەین، واقیع بین و گەشبین بن، هاوکات داوای کاری پێکەوەیی دەکەین بۆ سەقامگیری و سەلامەتی و دامەزراندنی کوردستانێکی گەشاوەتر.

هاوبەشی بنیاتنەرانە و سەقامگیر لەگەڵ بەغدا

حکوومەتی ئێستا، نوێنەرایەتی سەردەمێکی نوێی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەوەش واتا پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە کۆماری عێراقی فیدرال، کاری لە پێشینەش گەشەپێدانی هاوبەشی بنیاتنەر و سەقامگیرە لەگەڵ بەغدا، کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەش و هەماهەنگی ئامانجدار دەبێت، ئەوەش بە تێگەیشتنێکی ڕوون بۆ ماف و ئەرکەکانی هەردوولا دەبێت.

کۆمەڵێک بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ بەغدا بە یەکەوە دەمانبەستنەوە، وەکو بازرگانی، ئاسایشی سنوورەکان و گەشەسەندنی ئابووری بۆ هاوواڵتیانمان، هیچ یەکێک لەو بەرژەوەندییانەش بەدی نایەن، تەنیا لە ڕێگەی هاوبەشییەکی ڕاستەقینە نەبێت، نەک کێبڕکێی بەردەوام. چەند پرسێکی درێژخایەن هەن کە پێویستیان بە چارەسەری پێویست هەیە و حکوومەتیش پابەندە بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی نوێ بۆ گفتوگۆ، پێویستە ئامانج لە گفتوگۆکانیش دووڕکەوتنەوە بێت لە ململانێکانی ڕابردوو، لە پێناو گەشەپێدانی ڕێبازێکی نوێ، بۆ ئەو ئاستەنگە هاوبەشانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە.

دەستوور بنەمایەکی جەوهەرییە لە گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا، ئەوەش تیمێکی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان دانوستانەکان بەڕێوەدەبات، کە سەرنج دەخرێتە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

دەرماڵە و بەشە بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان

هەوڵ بۆ دابەشکردن و بەدەستهێنانی پشکێکی داپەروەرانەی سامانی وڵات دەدەین لە بودجەی ساڵانە، ئەوەش بە ڕێککەوتنێکی داپەروەر و بەردەوام بۆ کوردستان.

دابەشکردنی سامانی نەوت و گاز

هەوڵی تەواو بۆ جێبەجێکردنی هەردوو مادەی 111 و 112ی دەستووری عێراقی فیدرالی دەدەین، کە مافەکانی کوردستان دەپارێزێت. ئەمەش بەندە بە دابەشکردنێکی داپەروەرانەی نەوت و گاز و گەشەپێدانی ئەو کەرتە .ئەگەر پشتیوانی لەوە بکرێت، بەرنامەی حکوومەت شەفافیەت و وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتی نەوت گازدا دەکات، هاوکات ئاستی هەناردەی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەبێت.

هەماهەنگی سەربازی و ئەمنی

کار لەسەر بەهێزکردنی توانا سەربازییەکان دەکەین، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان و چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە ئەمنییانەی کە لەناوچە کوردستانییەکان ڕوودەدەن، لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافەکانی پێشمەرگە و جێگیرکردنی ئەو هێزە لە چوارچێوەی سیستەمی بەرگری عێراق.

ناوچە جێناکۆکەکان (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم)

کاری لە پێشینە، چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەک جێناکۆکەکانە، کە بە شێوەیەک لەگەڵ نەخشەڕێگا و دەقی مادەی 140ی دەستووردا هاتووە، لەکاتی جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیەش، پێویستە کاری لە پێشینە، هەماهەنگی ئەمنی و ئیداری هاوبەش بێت لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی لە ناوچە جێناکۆکەکان.

هەماهەنگی سیاسی

کار لەسەر بەهێزکردنی هەماهەنگی سیاسی دەکەین لەگەڵ حکوومەتی بەغدا، لەگەڵ جەختکردنەوە لە بنەمای هاوبەشی ڕاستەقینە و تەوافوق و هاوسەنگی کە لە دەستووردا هاتووە.

قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان

بە پشتنبەستن بە مادەی 132ی دەستوور، مافە دەستوورییەکانمان بەهێزتر دەکەن بەتایبەتیش لە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانی ئەنفال و زیانلێکەوتووانی دەستی ڕژێمی بەعسی پێشوو.

فۆتۆ: ئازاد لەشکری

هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەم بەرنامەیە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە سیاسییەکان و پوختەی بەرنامەی گشت لایەنە بەشداربووەکانی ناو کابینەی نۆیەم ڕێکخراوە و بۆچوون و پلانی تێکرای بەشداربووانی ئەم کابینەیە لە خۆ دەگرێت.

جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیەش بەرپرسیاریەتیەکی هاوبەشی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی ناو ئەم کابینەیە دەبێت. هێلەگشتییەکان لە چەند سەرەبابەتێکدا پۆلێن کراون بەم شێوەی خوارەوە:



لە ئاستی چاکسازیدا:

یەکەم: کارەکەین بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی، لە موچەخۆر و خانەنشین و چارەسەرکردن و ڕێکخستنەوەی دەوام و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەک کە لەم کەرتە کرابێت، ئەمەش لە ڕێگەی چەسپاندنی یاسا و دروستکردنی ئەنجومەنی ڕاژە و ئامادەکردنەوەی پرۆژە یاسای چاکسازی و ئاردنەوەی بۆ پەرلەمان بە فۆرمێکی تازە و گونجاو.

دووەم: کار دەکەین بۆ نەهێشتنی ڕووتین و هەروەها خێراکردنی ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاوواڵتیان و ڕێزگرتن لێیان لە دامودەزگا فەرمییەکاندا. بە کردەوە هەوڵ دەدەین بۆ بەخزمەتگوزارکردنی دامەزراوە حکومییەکان لە ئاست هاوواڵتیاندا. لە پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەرچی زووترە پەرە بە خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنیەکان دەدەین.

سێیەم: نابێ بەرپرسانی باڵای حکوومەت پێگەی کارگێڕیی خۆیان بۆ بازرگانی و دەوڵەمەندبوون بەکاربهێنن. بە پشت بەستن بە یاسا بەرکارەکانی هەرێم، نابێ بەرپرسان کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان بکەن و لێپرسینەوە لە هەر سەرپێچییەک لەم بوارەدا دەکەین.

چوارەم: ئەنجامدانی ئیفاد و سەفەر و بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس، بە پێی پێویستی دەبێت و ڕێگە لە بە هەدەردانی سامان و خەراب بەکارهێنان و بەلاڕێدابردنێک لەم بوارانەدا دەگرین.

پێنجەم: بە هەموو توانامانەوە، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە گەندەڵیەکی دارایی و کارگێڕی دەبینەوە و ڕێگردەبین لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر مووڵک و مومتەلەکاتی هەرێم، ئەمەش لە ڕێگەی کاراکردن و پشتیوانی کردنی دامەزراوە فەرمی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە و داواکاری گشتی.

شەشەم: کارەکەین بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە داراییەکانی هەرێمدا، بە تایبەت لە بواری داهاتە نەوتییەکانی هەرێم و داهاتە ناوخۆییەکان. بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە کارەکەین بۆ دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان بە پێی یاسای پەیوەندیدار.

حەوتەم: بە پێی ستاندەرە جیهانییەکان، چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراک دەکەین و ڕێکاری یاسایی بۆ هەر سەر پێچیەک کە لەم لایەنە ژیاریەدا بکرێت دەگرینە بەر. بۆ ئەم مەبەستانەش دامەزراوەی خۆراک و دەرمانی هەرێم سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێنین.

هەشتەم: چاکسازی لە سیستەمی باج دەکەین و دەبێ دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر ببێت و هەموو ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ ڕێککخستنی باج.

نۆیەم: کار دەکەین بۆ ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری (احتکار) بە پێی یاسای بەرکار و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ مەلمانێی بازرگانی ڕەوا و هاندانی کۆمپانیاکانی پشکداری.

دەیەم: پشتیوانی کاری چاودێریی پەرلەمانی دەکەین و بۆ ئەم مەبەستەش پابەند دەبین بە هەموو ڕێکارەکانی چاودێری لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ و بنەماکانی کاری پەرلەمانی. هەروەها بە پێی بنەماکانی کاری پەرلەمان، ڕێز لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەگرین.

یازدەیەم: سندوقی خانەنشینی بە پێی یاسای پەیوەندیدار لە هەرێم کارا دەکەین، بۆ ئەوەی ئەم سندوقە گەرانتی مافەکانی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بکات.

دوازدەیەم: بە هەماهەنگی لەگەل سەرۆکایەتی هەرێم، لە پێناو بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێم، پێداچوونەوە بە میکانیزمی ڕێککخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەین و هەوڵ دەدەین بە هاوکاری بسپۆڕانی ناوخۆ و دەرەکی ئەم هێزانە لە ستاندارد سەربازییەکان نزیک بکەینەوە.

سیانزەیەم: کار دەکەین بۆ سەروەرکردنی یاسا و ڕێز گرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و نابێ لە کوردستاندا کەس لە سەرووی یاسا بێت. هیچ کەسێک ڕێگەی پێنادرێت بە هۆی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبی لە دەست یاسا ڕابکات و خۆی لە دەرەوەی یاسا ببینێتەوە ,هەروەها کاری جدی دەکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەک لە ناو کۆمەڵگەکەماندا.

لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا:

یەکەم: کارەکەین بۆ باشترکردنی کەرتی تەندروستیی گشتی و گەیاندنی خزمەتێکی باشتری تەندروستی بە هاوواڵتیان و هەوڵی جێگیرکردنی سیستەمی بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی بە پێی پێوەری گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان دەدەین. هەروەها کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی ڕەشنووسی یاسای مافی نەخۆش و ڕێککخستنەوەی ماف و ئەرکی پزیشکان بۆ پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەک.

دووەم: کار دەکەین بۆ چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کێشەی کارەبا ، لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و کەمکردنی بەهەدەردان و دابەشکردنێکی پێشکەتوو و گونجاوی کارەبا. هەروەها کار دەکەین بۆ ڕێککخستنەوەیەکی گونجاوی نرخی کارەبا و دامەزراندنی میکانیزمێکی کاریگەر و سەردەمیانە بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبا لە بەکاربەران.

سێیەم: کار دەکەین بۆ چاککردن و بەرزکردنی ئاستی خزمەتگووزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کەرتی گشتی و دانانی ڕێکاری ڕاکێشانی بەشداریی سەرمایەدارانی هەرێم و دەرەکی بۆ بەشداری لە ئاواکردنی قوتابخانەی نوێ لەو شوێنانەی پێویستە. هەروەها کار دەکەین بە پێداچوونەوە بە مەنهەجی پەروەردەیی و گونجاندنی ناوەرۆکیان بە پێی ستاندارد باوەکان.

چوارەم: کار دەکەین بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەوی هەرێم بۆ بواری خواردنەوەی هاوواڵتیان و بە جۆرێک ئاوی پاک بگەیەنرێتە هەموو هاوواڵتیان و تا بکرێت ئاوی ژێرزەوی بەهەدەر نەدرێت.

پێنجەم: کار دەکەین بۆ باشترکردنی ڕێگەوبانی هەرێمی کوردستان و سیستەمی هاتووچۆی هەرێم وهەوڵدەدەین وەبەرهێنانی بیانی و کەرتی تایبەت بۆ ئەم بوارە ڕابکێشین و ڕێگەوبانی هەرێم کە سااڵنە هۆکاری زیانی گیانی و ماڵیی هاوواڵتیانمانە لە ستاندارد باوەکان نزیک بکەینەوە.

شەشەم: کار دەکەین بۆ ڕەخسانی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە بوارە جیاجیاکانی وەک پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، تاکو بەم هۆیەوە دەرفەتی کار زیاد بکرێن و یاساکانی کار بە جۆرێک ڕێک بخرێن کە دەرفەتی کار بۆ گەنجانی هەرێم زیاتر بکرێت.

حەوتەم: کارەکەین بۆ زامنکردن و ڕێککخستنەوەی سەرجەم مافە یاساییەکانی کارمەند و کرێکارانی کەرتی تایبەت، بە جۆرێک مافی خانەنشینی و کاتژمێرەکانی کار و بیمە یا خود دڵنیایی تەندروستی و داهاتوویان پارێزراو بێت.

هەشتەم: خزمەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەمئەندامانی سەنگەر و بریندارەکان و قوربانیانی هەڵمەتەکانی جینۆساید و زیندانییە سیاسیەکان، لە کارە بەراهییەکانی حکوومەت دەبێت. هەروەها کار دەکەین بۆ پێداجوونەوە بە لیستەکانیان و پاکردنەوەیان لەو ناوانەی بە شێوازی نایاسایی زیادکراون.

نۆیەم: بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە، گرنگیی تایبەت بە کاروباری خاوەن پێداوستیە تایبەتیەکان دەدەین.

دەیەم: ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە و کار دەکەین بۆ پاراستنی ژینگە و پەرەپێدان بە کلتوری ژینگە پارێزی. کار دەکەین بۆ بەکارخستنی سیستەمێکی پیشکەوتووی ریسایکل و چارەسەریی زبڵ و خاشاک وکەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان.

یانزدەیەم: لە سەر شێوازێکی دادپەروانە و هاوسەنگ کار دەکەین بۆ ئاوەدانکردنەوەی شار و قەزا و ناحیەکان و گرنگی تایبەت دەدەین بە هاندانی خەڵکی لادێکان بۆ مانەوەیان لە گوند و دێهاتەکانیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری شایستە بۆیان.

دوازدەیەم: گرنگی تایبەت دەدەین بە فەراهەمکردنی پانتایی کاری ڕێککخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی یاسادا و پاڵپشتی بواری وەرزشی و هونەری و فەرهەنگی و کلتوریەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان.

سێزدەیەم: کاردەکەین لە پێناو گرنگیدان بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەمەش لە ڕێگەی پێشخستن و بەرزکرنەوەی ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم لە ڕووی جۆری، هەروەها فەراهەمکردنی دەرفەتی لەبار بۆ خوێندن و توێژینەوەی زانستی. هەروەها کار دەکەین بۆ ڕێککخستنەوەی کاری زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان و پێداچوونەوە بە کوالێتی زانستی و نرخەکانیان.

چواردەیەم: بە ئەلەکترۆنی کردنی کاروباری حکوومەت(حکوومەتی ئەلکترۆنی) ، چ لە ئاست کاروباری ناوخۆی حکوومەت و چ لە ئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنییەکان بۆ هاوواڵتیان، لە ئەرکە لە پێشینەییەکانمان دەبێت و بەم هۆیەوە ڕێگە لە ڕووتین و بەهەدەردانی سامانی گشتی و کاتی هاوواڵتیان و دامەزراوەکان دەگیرێت و کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان بەرز دەکرێتەوە.

پانزدەیەم: گەنجانمان سەرمایەیەکی نیشتیمانیی گەورە و کاریگەری مرۆیین و ئایندەسازی وڵاتەکەمانن. بۆیە لە میانەی کار و بەرنامەی گشت وەزارەتەکان، کار دەکەین بۆ بەکارخستن و ئاراستەکردنی تواناکانیان بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەتوو ، کە ئایندەیەکی گەشتر بۆ وڵات فەراهەم بکات.

شانزدەیەم: شوێنەوارە میژوویییەکانمان بەشێکن لە سەرمایەی میژوویی و کلتوری وڵاتەکەمان و پاراستنیان ئەرکێکی لە پێشینەمان دەبێت و کاردەکەین بۆ بەهێزترکردنی ئالییەتی دۆزینەوە و سەرپەرشتی و پاراستنیان و هەروەها هەوڵی بەکارخستنی کاراتری ئەم شوێنەوارانە دەدەین بۆ بواری گەشتیاری ، بە پێی ستاندارد باوەکان.

لە سەر ئاستی پەیوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ:

یەکەم: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لایەنی فەرمیی دانوستان دەبێت لە گەل حکوومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ ئەم مەبەستە حکوومەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردستان، دەستەی دانوستان دروست دەکەن، بۆ دانوستان لەگەل بەغدا و بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی گەلەکەمان.

دووەم: دەستور بنچینەی هەر دانوستانێکی هەولێر لە گەل بەغدا دەبێت و دۆسیەکانی پەیوەست بە مادەی 140 و پێشمەرگە و بودجە و سامانە سروشتیەکان و قەرەبۆی ئەنفال و شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و زیانلێکەوتوانی دەستی ڕژێمی بەعس و هەموو مافە دەستوورییەکانی هاوواڵتیانی هەرێم لە نزیکترین کاتدا، بابەتی گفتوگۆمان لەگەل حکوومەتی عێراقی فیدراڵ دەبێت.

سێیەم: هەوڵەکانمان بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشتی و کەرکوک بە تایبەتی، دەست پێ کردووە و جەخت لە پێویستیی خێراکردنی ئەم پرۆسەیە دەکەینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هەرچی زووترە دۆخی سەربازیی سەپێنداو لەم ناوچانە کۆتایی پێ بهێندرێت و بگەڕێینەوە بۆ دۆخی پێش 2014/6/10 و ئەو ناوچانە لە لایەن پێکهاتە ڕەسەنەکانی ئەو دەڤەرانە بەڕێوەببردرێت و بە کردەوە دەست بە جێبەجێ کردنی قۆناغەکانی ماددەی 140ی دەستوور بکرێت.

چوارەم: هەرێمی تیرۆر، هێشتا هەڕەشەیەکی گەورەی سەر هەموو عێراقە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە بەردەوامیی ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریستان و ئامادەیی هاوکاریی تەواوی لە گەل حکوومەتی فیدراڵ و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر هەیە. بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەیە بنبڕ بکرێت، حکوومەتی هەرێم ئامادەیی هێزی پێشمەرگە بۆ هاوکاریی سوپای عێراق لە دوورخستنەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دووپات دەکاتەوە.

پێنجەم: کارەکەین لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە دەستووریەکانی هێزی پێشمەرگەی کورستان وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگریی عێراقی فیدراڵ، بە تایبەت لە بابەتەکانی موچە و دابینکردنی پێداویستیی سەربازییان.

شەشەم: هەوڵ دەدەین هەرچی زووترە، دۆسیەی نەوت و گاز لەسەر بنەمای مادەی 111 و 112ی دەستوری عێراقی فیدراڵ چارەسەر بکەین و یاسای نەوت و گاز لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت. هەر وەها هەوڵ دەدەین دەستەی گشتیی چاودێریی داهاتەکانی فیدراڵی وەک لە مادەی 106ی دەستوردا هاتووە دابمەزرێت.

حەوتەم: جەخت لە ڕەچاوکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە دامەزراوە فیدراڵییەکانی عێراق بە گشتی و لە وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و نەوت بە تایبەتی دەکەینەوە.

هەشتەم: کارەکەین بۆ چەسپاندنی هەرچی زیاتری بنەماکانی سیستەمی فیدرالی، بە ڕێگەی دروستکردنی ئەنجوومەنی (ئیتیحاد)ی و هەروەها جەخت لە سەر پرینسیپەکانی (تەوازون و تەوافوق و شەراکەت) لەگەل حکوومەتی ئیتیحادی دەکەینەوە.

نۆیەم: جەخت لەسەر دەرکردنی یاسای دادگای فیدرالی عێراق دەکەینەوە، بە جۆرێک یاساکە گەرەنتیی سەربەخۆیی دادگای فیدرالی بکات.

ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان:

یەکەم: پێداگری لەو پێکەوە ژیانە ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ناو هەرێمی کوردستان لە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوری و سریانی و ئەرمەنی و عەرەب و موسوڵمان و ئێزدی و مەسیحی وکاکە یی و مەندایی و زەردەشتی دەکەینەوە و ئەو تایبەتمەندییەی هەرێم دەپارێزین و بەهێزتری دەکەین.

دووەم: پێداگری لە سەر چەسپاندن و بەهێزکردنی بنەما دیموکراسییەکان و ئازادیی و یەکسانی و دەستخستنی زانیاری بە پێی یاسا بۆ هاوواڵتیانی هەرێم دەکەینەوە و بەرگریکاری مافەکانیان دەبین و دژی هەر دەمارگیری و توندڕۆییەکی تایفی و ئایینی و ڕەگەزی و حیزبی دەوەستینەوە.

سێیەم: دژی هەر جیاکارییەکی ڕەگەزی و بە پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئافرەت دەوەستینەوە. پێویستە ئافرەتان بە توانا و لێهاتووی خۆیانەوە ڕۆڵ و پێگەی شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگادا وەرگرن و بەشداریکی کارای ناو کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا بکەن.

چوارەم: هاوواڵتیانی کوردستان ئازادن هەر بیروباوەڕێکی سیاسی لە چوارچێوەی ژیانی سیاسیی هەرێمدا هەڵبژێرن و نابێ لە کوردستاندا هیچ کەس لەسەر بیر و باوەری سیاسی و سەرپێبوونی حیزبی سزا بدرێت و پێویستە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مافە زەوتکراوەکانی ئەوکەسانە بگەڕێندرێتەوە کە لەمڕووەوە زیانمەندبوونە.

پەیوەندییەکانی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

یەکەم: دامودەزگا فەرمییە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبەن، بۆ ئەم مەبەستە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە سەر بنەمایەکی یاسایی نوێ ڕێکدەخرێتەوە.

دووەم: جەخت لەسەر پەیوەندییەکی باش لەگەل وڵاتانی دراوسێ دەکەینەوە، بە جۆرێک بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزی دوولایەنە، پەرە بە ئاستی پەیوەندییەکان لە گشت بوارەکاندا بدرێت.

سێیەم: پشتگیریی چارەسەریی ئاشتیانەی گشت کێشەکانی ناوچەکە دەکەین و پێگەی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەیەک بەکار دەهێنین، کە بەشێک بین لە ڕەوتی چارەسەری.

چوارەم: حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات نوێنەرایەتیە هەنوکەییەکانی لە دەرەوەی هەرێم بەهێز بکات و نوێنەرایەتی نوێ بە پێی پێویست لە وڵاتان بکاتەوە و زەمینەیەکی لەباریش دەرخسێنین بۆ ئەوەی وڵاتانی زیاتر کۆنسولگەرییەکانیان لە هەرێم بکەنەوە.

لە ئاستی ئابووری و داراییدا:

یەکەم: کارەکەین بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێم فرە چەشن و فرەڕەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەستێت، بۆ ئەم مەبەستە پەرە بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدەین و هەوڵ بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەم کەرتانەدا دەدەین.

دووەم: کشتوکاڵ بواریکی سەرەکیی گرنگیدانمان دەبێت و کار دەکەین بۆ پێشخستنی ئەم کەرتە بە ئامراز و مەکائنی پێشکەوتوو و فراوانکردنی جۆریی و چەندیی بەرهەم بە پێی بنەما زانستییەکان. کار دەکەین بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان و دروستکردنی بەنداوە وەرزی و هەمیشەییەکان گلدانەوەی ئاوی پێویست بۆ بواری کشتوکاڵ و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لە هەریم. جەخت لەسەر پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و پشتیوانیی جوتیارانی هەرێم دەکەینەوە و کار دەکەین بۆ ڕەخساندنی بازاری گونجاوی ناوەوە و دەرەوە بۆ بەرهەمەکانیان.

سێیەم: کار دەکەین بۆ ڕێککخستنەوەی سیستەمی بانکی لە هەرێم و بەکارخستنی ئەو سیستەمە بۆ خزمەتگوزارییە کەسی و گشتیەکان و بەکارهێنانی ژمارە بانکییەکان و کارتە ئەلەکترۆنیەکان بۆ ئالوگۆڕی دراوی و خەرجییەکان و ڕێژەی مامەڵە بە پارەی کاش کەم بکرێتەوە.

چوارەم: هانی وەبەرهێنان دەدەین لە هەموو بوارەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا دەرفەتی یەکسان و داپەیوەرانە بۆ هەموو لایەک دەڕەخسێنین. لە سەر ئەو بنەمایانەش کاردەکەین بۆ دارشتنەوە و هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا.

لە ئاستی کارگێڕی:

یەکەم : کار دەکەین بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لە گەل سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا ، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکوومەت.

دووەم: کاری جدی دەکەین بۆ تەرشیقی هەیکەلیەتی دام و دەزگاکانی حکوومەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بە شێوەیەک کە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو بێت، ئەمەش بە پێی پلانێکی تۆکمە و ئامادەکردنی نەخشەڕێگایەکی زەمەنی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا.

حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە بۆردوومانەکانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە

داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین بۆردوومانکردنی ناوچەکە ڕابگرێت

هەرێمی کوردستان قبووڵ ناکات سنوورەکانی بۆ هێرش و تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ بەکار بهێندرێت

دوێنێ چوارشەممە 2019/7/10 حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بۆردوومانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە و لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: هەرێمی کوردستان کە سەلماندوویەتی لە ناوچەکەدا فاکتەری سەقامگیرییە و داواش لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین بۆردوومانکردنی ناوچەکە ڕابگرێت و نەهێتە هۆی دڵەڕاوکێ و دەربەدەربوونی دانیشتووان. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:



دوێنێ سێشەممە 2019/7/9 لە ناوچەی پیرانشاری سنووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هێرشێکی چەکداری کرایە سەر چەند ئەندامێکی سوپای پاسداران، لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوچە سنووریەکانی ناوخاکی هەرێمی کوردستانی بۆردوومان کرد. کە بەداخەوە بە هۆی بۆردوومانەکە لە یەک خانەوادەدا هاوڵاتیەک شەهید و دووی دیکەش بریندار بوون. هەردوو ڕووداوەکە مایەی نیگەرانی و ناڕەزایی ئێمەیە.

دووپاتی دەکەینەوە هەرێمی کوردستان کە سەلماندوویەتی لە ناوچەکەدا فاکتەری سەقامگیرییە و ڕێز لە هاوسنووری و دراوسێیەتی دەگرێت هەرگیز ڕێگە نادات و بە هیچ شێوەیەک قبووڵ ناکات سنوورەکانی بۆ هێرش و تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ و کردەوەی نابەرپرسانە بەکار بهێنرێت، داواش لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین بۆردوومانکردنی ناوچەکە ڕابگرێت و نەهێتە هۆی دڵەڕاوکێ و دەربەدەربوونی دانیشتووان.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/7/10

فازڵ میرانی پێشوازی لە باڵیۆزی کۆماری پۆڵۆنیا کرد



دوێنێ چوارشەممە فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پیرمام پێشوازی لە خاتوو بێ ئاتا پێنکسا باڵیۆزی کۆماری پۆڵۆنیا لە بەغدا کرد و دومنیک مۆشیا و کونسوڵی پۆڵۆنیا لە هەولێر ئامادەی دانیشتنەکە بوون.

فازڵ میرانی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و پوختەیەکیشی لە میژووی گەلی کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەشکرد، میرانی باسی لە پڕۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی 1991 و تا دوای سەرهەڵدان و ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 1992 و تا هەڵبژاردنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە دوێنێ مەراسیمی پەسەندکردن و سوێندخواردنی سەرۆکوەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان بەڕێوەچوو.

هەروەها میرانی هەوڵەکانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و حکوومەتەکانی کوردستان بۆ باشترکردنی ژیانی هاووڵاتیان و بەرەو پێشبیردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هەموو بوارەکان خستەڕوو.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دووپاتی کردەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵ و خەباتی بەردەوامی دەبێت بۆ پاراستن و سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشبردنی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا.

لە لایەن خۆیەوە خاتوو بێ ئاتا پێنکسا باڵیۆزی پۆڵۆنیا لە سوپاسی ڕەخساندنی ئەم دیدارەی کرد، سەرەڕای سەرقاڵی لایەنەکان و بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە مەراسیمی متمانەدان و سوێندخواردنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم، باڵیۆزی پۆڵۆنیا لە بەغدا دووپاتی کردەوە کە پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری عێراقی فیدراڵ پۆڵۆنیا لە کارە سەرەکییەکانی ئێمەیە دەبێت لە هەموو بوارەکاندا و خۆشحاڵی خۆشی دەربڕی بە بوونیان لە هەولێر، هەروەها دووپاتیشی کردەوە کە سەرەڕای قەیرانی ئابووری کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتبوو، ئاوەدانی و پێشڤەچوون بەردەوامە و هیواشی خواست هەرێم لە گەشەسەندا بێت.

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی دەستبەکار دەبێت



ئومێد خۆشناو: وەک فراکسیۆنی پارتی بەردەوام دەبین لە کاری پیشەیی خۆمان کە چاودێریکردنی حکوومەتە



جوان ڕۆژبەیانی: گەلی کوردستان بە ئومێدەوە دەڕوانێتە کابینەی نوێ و هیواخوازن کار بۆ سێکتەرە گرنگەکان بکرێت

خەبات ـ بریار کەریم، تریفە ئازاد: دوێنێ چوارشەممە 2019/7/10 لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی پەرلەمانی تایبەت بە متمانەدان بە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو کە تیایدا ڕێزدار مەسرور بارزانی لە پڕۆسەیەکی دەنگدانی ئاشکرادا و بە88 دەنگی پەرلەمانتاران بە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا.

دانیشتنەکە کاتژمێر11 بەڕێوەچوو و لە سەرەتادا لەلایەن سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە بریتی بوو لە متمانەدان بە سەرۆک و جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایان خوارد و پاشان بەهۆی سوێندخواردنی د. ڤالا فەرید وەکو وەزیری هەرێم، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دریژەی بە دانیشتنەکە دا و دواتر ڕێزدار مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد کە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گوتاری دەستبەکاربوونی پێشکەش کرد و بەمشێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکە هێندرا. دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکەی پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە پەیامنێری (خەبات) ئامادەیی تیایدا هەبوو، گوتی: خۆشبەختانە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر و بەرگەگرتنی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات ڕایگەیاند: لە فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا بۆ وەزیری داد بە دەنگی84 پەرلەمانتار، شۆڕش ئیسماعیل عەبدوڵڵا بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگە بە دەنگی 73 پەرلەمانتار، ڕێبەر ئەحمەد خالید بۆ وەزیری ناوخۆ بە دەنگی 76 پەرلەمانتار، ئاوات جەناب نووری بۆ وەزیری دارایی و ئابووری بە دەنگی 81 پەرلەمانتار.، د. سامان حوسێن بەرزنجی بۆ وەزیری تەندروستی بە دەنگی 81 پەرلەمانتار.، ئالان حەمە سەعید بۆ وەزیری پەروەردە بە دەنگی85 پەرلەمانتار، دانا عەبدولکەریم بۆ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بە دەنگی80 پەرلەمانتار ،ساسان عوسمان عەونی بۆ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە دەنگی85 پەرلەمانتار ، د. ئارام محەمەد قادر بۆ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە دەنگی 76 پەرلەمانتار، د. دارا ڕەشید مەحمود بۆ وەزیری پلاندانان بە دەنگی75 پەرلەمانتار، کۆێستان محەمەد عەبدوڵڵا مەعروف بۆ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە دەنگی 74 پەرلەمانتار، محەمەد سەعید عەلی بۆ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بە دەنگ 75 پەرلەمانتار ،عەبدوڵڵا مەحمود محەمەد بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە دەنگی85 پەرلەمانتار ،بێگەرد تاڵەبانی بۆ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە دەنگی 83 پەرلەمانتار، کەمال موسلیم بۆ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بە دەنگی 85 پەرلەمانتار، ئانۆ جەوهەر عەبدولمەسیح عەبدۆکە بۆ وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بە دەنگی 80 پەرلەمانتار، پشتیوان سادق عەبدوڵڵا بۆ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە دەنگی77 پەرلەمانتار، کەمال محەمەد ساڵح خەلیل بۆ وەزیری کارەبا بە دەنگی 85 پەرلەمانتار، خالید سەلام سەعید بۆ وەزیری هەرێم بە دەنگی68 پەرلەمانتار، ئایدن مەعروف سەلیم بۆ وەزیری هەرێم بە دەنگی 78 پەرلەمانتار، د. ڤالا فەرید ئیبراهیم بۆ وەزیری هەرێم بە دەنگی83 پەرلەمانتار.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەی پەرلەمانیدا هەریەک لە سەرۆک و جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایان خوارد و پاشان بەهۆی سوێندخواردنی د. ڤالا فەرید وەکو وەزیری هەرێم، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دریژەی بە دانیشتنەکە دا و دواتر ڕێزدار مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد کە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گوتاری دەستبەکاربوونی پێشکەش کرد و بەمشێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکە هێندرا. دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکەی پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە پەیامنێری (خەبات) ئامادەیی تیایدا هەبوو، گوتی: خۆشبەختانە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر و بەرگەگرتنی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات ڕایگەیاند: لە بووە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێت و خەڵک لە چاوەڕوانیدا نەمێنێت کە کوردستانێکی بەهێز و حکوومەتی ئێستا ڕەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، دامەزراوە فەرمییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، ئێمەش وەکو پەرلەمانتارانی خولی پێنجەم شەرەفی ئەوەمان پێبەخشرا بە نۆینەرایەتی خەڵکی کوردستان متمانە بە سەرۆکی وەزیران ڕێزدار مەسرور بارزانی و جێگری و وەزیرە بەڕێزەکان و کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم بدەین.

گوتیشی: هەموو گەلی کوردستان بە ئومێدەوە دەڕوانێتە کابینەی نوێ و هیواخوازین کار بۆ هەموو ئەو سێکتەرە گرنگانە بکرێت کە خزمەت بە هاووڵاتیان و کوردستانەکەمان دەکات، پێویستە لەسەر هەموومان هاوکارێکی باشی یەکتر بین و دەست لەناو دەست کار بۆ کوردستان بکەین، ئێمەش وەکو پەرلەمان بە ئەرکی خۆمان هەڵسین و لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوبنێین بۆ کوردستانێکی بەهێزتر.

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە وەڵامێکی پرسیارێکی پەیامنێری خەبات سەبارەت بە ئەوەی ئاخۆ ئەو لایەنانەی کە بەشداری حکوومەتیان نەکرد، هەڵوێستیان چییە؟ ڕایگەیاند: بە دڵنیاییەوە ئەوانەی بەشداری حکوومەتی داهاتوویان نەکرد، هیوادارین کاری پیشەییانەی خۆیان و ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان ئەدا بکەن، بەشێک بن لە چاکسازی، بەشێک بن لە کارەکانی حکوومەت لە ئایندە و ببنە هۆی خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان.

شارەزایان: چاوەڕوانیی حکوومەتێکی بەهێز و شەفافمان لە گوتار و کارنامەی سەرۆکی حکوومەتدا بەدیکرد

وریا حوسێن: بەدڵنیاییەوە کەرتی نەوتی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی ترەوە

مامۆستایەکی زانکۆ: کارنامەی حکوومەت کارنامەیەکی گرنگە و گەشبینین کە ئەزموون وەرگیراوە

دوێنێ چوارشەممە 10ی تەموز، پەرلەمانی کوردستان متمانەی بە سەرۆک و جێگری سەرۆک و وەزیرەکانی کابینەی 9ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەخشی. لە وتاری دەستبەکاربوونیدا سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند: هەموو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی حکوومەتێکی بەهێز و خزمەتگوزار بن و ڕووبەڕووی گەندەڵکاران دەبنەوە و دروشمەکان دەکەنە کردار.

مامۆستای زانکۆ، ماجید خەلیل، لەبارەی سوێندخواردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم و کارنامەی حکوومەت بۆ چوار ساڵی ئایندە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: دوای دانوستانێکی زۆری لایەنە سیاسییەکان ڕاگەیاندنی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان جێگەی خۆشحاڵیی سەرجەم چینوتوێژەکانە، کارنامەی حکوومەت کە سەرۆکوەزیران خوێندییەوە، کارنامەیەکی باش و گرنگە و گەشبینین کە ئەزموون وەرگیراوە .

ماجید خەلیل گوتی: پێویستە وەزیرانی کابینەی نوێ بە ستافی بەهێز و ڕاوێژکار کارەکانیان بکەن و ئاگایان لە داوا و پێداویستییەکانی هاووڵاتیانی کوردستان بێت، ئاگایان لەوە بێت لە شەقام چی دەگوزەڕێت و هیوادارین دروشمی کوردستانێکی بەهێز جێبەجێ بکرێت و دروشمەکان بکرێن بەکردار. خەلیل بڕوای وایە: حوکمڕانیی نوێی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسروور بارزانی شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو چینوتوێژەکان، گۆڕانکاری لە حوکمڕانیدا دەکات و داوایشی هەیە کە گرنگی بە خوێندنی باڵا بدرێت و کاری جددیی بۆ بکرێت، گرنگی بە زانکۆ حکوومییەکان بدرێت و زانکۆی حکوومی بەهێز بکرێت، چونکە زانکۆ دەتوانێت دەوری گرنگی هەبێت.

وریا حسێن، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاریی نەوتی کوردستان دەڵێت: گرنگیدانی بەڕێز مەسرور بارزانی بە کەرتی نەوت و شەفافکردنی داهات و دروستکردنی سندووقی داهات، یەکێک دەبێت لە کارە گرنگەکانی کابینەکەی. هیوادارین کەرتی نەوت لە کوردستان زیاتر گرنگیی پێ بدرێت و شەفافیەتی زیاتر بۆ ڕای گشتی باڵا بکرێتەوە.

وریا حوسێن گوتیشی: حکوومەتی نوێ سندووقی داهاتە نەوتییەکان دابمەزرێنێت و لەگەڵ بەغدا لەسەر نەوت ڕێکبکەوێت، بەدڵنیاییەوە کەرتی نەوتی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی ترەوە. دروستکردنی سندووقی داهاتە نەوتییەکان، واتە شەفافیەت لە نەوت و گازی کوردستان، بۆیە دەستخۆشیمان لەو بڕیار و کارنامەیەی سەرۆکوەزیران هەیە.

ئەندازیاری بیناسازی، ئارام عەلی دەڵێت: کارنامەی حکوومەت کە بەڕێز سەرۆکوەزیران لە پەرلەمانی کوردستان خوێندییەوە، کارنامەیەکی زۆر پتەو بوو و کارنامەی حکوومەت وەک کارنامەی حکوومەتی وڵاتانی پێشکەوتوو بوو کە جەختی دەکردەوە لەسەر چاکسازی و خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە و نەهێشتنی گەندەڵی. لە ڕابردوودا جێگە پەنجەی گەندەڵی لە حکوومەتدا هەبووە، بەتایبەت لە پڕۆژەی وەبەرهێنەکاندا و پێویستە پێداچوونەوە بە پڕۆژەکانی وەبەرهێناندا بکرێت.

ئارام عەلی گوتیشی: داوا دەکەین بە تەواوی ئەو گرێبەستانەدا پێچنەوە کە لەگەڵ وەبەرهێنەر و بازرگانەکاندا کراون و بەشێکی زۆری ئەو پڕۆژانەی لە بواری جیاجیاکاندا وەسێندراون، بخرێنەوە کار.

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/7/11 ژمارە (5787)
خەبات

بەشداری لایەنە سیاسییەکان لە حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن خرایە بەر باس و گفتوگۆ



بۆ پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان هەردوولا، دوێنێ چوارشەمە، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی لە خدر ڕوسی سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کرد. لە دیدارێکدا بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێ حکومەتی کوردستان و بەشداری لایەنە سیاسییەکان لە حکومەت و ئۆپۆزسیۆن لەم کابینەیەدا تیشکی خرایە سەر، هاوکات باسیان لە گفتوگۆی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە گرنگ وەسف کرا، هەر لەو دیدارەدا تەئکید لە یەکریزی تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکان و هۆشیاری زیاتری جەماوەر لە پاڵپشتی کردن لە پێناو ئەرک و بەرپرسیاریەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی هەموولایەک بۆ داکۆکیکردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە کرایەوە.

ڕێکخراوەکانی گەرمیان: بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی دەبێ پشتگیری لە سەرۆک وەزیران بکەین



خەبات- سەبریە یوسف: لە پاش بەخشینی متمانە بە کابینەکەی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە جەختی لەوەکردەوە بەرەنگاری گەندەڵی دەبێتەوە، ئەو پلان و هەنگاوەی سەرۆکی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم بەلای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ئومێدبەخشە.

لەمبارەوە، چالاک نەجم، سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکانی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: ئێمە بە بایەخەوە لەدەستبەکاربوونی سەرۆکی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم دەڕوانین و ئومێدەوارین هەموو تاکێکی کورد پشتگیری لە هەنگاوەکانی بەڕێز کاک مەسرور بارزانی بکات بۆ سەرخستن بەرنامەکە.

گوتیشی: بەرەنگاربوونەوەی گەندەلی ئەرکێکی پیرۆزە کە ئەمڕۆ سەرۆکی حکومەتی جەختی لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کردەوە، بۆیە دەبێت هەموو هاوڵاتیان هاوکاری بکەین. جەختیشی کردەوە، دڵنیاین لەوەی کە هەنگاوەکانی سەرۆکی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئومێدبەخش دەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

خەبات- دهۆک: دوهی سپێدێ 2019/7/10 فەرهاد ئەمین ئەتروشی، پارێزگەرێ دهۆکێ ب ئامادەبونا فەهیم عەبدوللا سەروکێ جڤاتا پارێزگەهێ و جێگرێن پارێزگەری کومبونەک دگەل قایمقامێن قەزایێن پارێزگەهێ و ڕێڤەبەرێن ئاڤێ پێن پەیوندیدار هاتە ئەنجامدان.

دکومبونێدا بەحسێ ئاریشا پیڤەرێن ئاڤێ و نەرازیبونا وەلاتیان ل دور بهایێ پسلوێن ئاڤێ کو ل هندەک جهاں پارەکێ زور ژوەلاتیان هاتیە وەرگرتن و چاوانیا ڕاستڤەکرنا بهایێ وان پسولا هاتە کرن. پشتی کومبونێ کونگرەکێ ڕوژنامەڤانی هاتە ل دارخستن لبەراهیێ پارێزگەرێ دهۆکێ ئارمانجا کومبونێ بەرچاڤکر وگوت: ئەم وەکو کارگێریا پارێزگەهێ و ئەنجومەنێ پارێزگەهێ و لایەنێن پەیوەندیدار ل سەربابەتێ پیڤەرێن ئاڤێ و گازندێن وەلاتیان ل دور بهایێن ئاڤێ کومبوین و ئەڤ بابەتە مە بڤەر دیت ئەڤ بابەتە برەنگەکێ باشتر بهێتە ڕێکخستن.

هەروەسا پارێزگەرێ دهۆکێ گوت: دڤێت پێداچونەکا ڕژد وێ چەندێ کو دڤێت بابەتێ ئاڤێ و بهایێ وێ و داناتا پێڤەڕا باشتر بهێتە ڕێکخستن کو دبەرژەوندیا حکومەتێ و وەلاتیان دابیت چونکو بەری نوکە پلانەکا باش نەهاتبو دانان و ئەو پلان باش نەهاتە بجهئینان و کێشە ل سەر ئاستێ کارگێریا پارێزگەهێ هەروەسا بو وەلاتیان ژی پەیدابون لەورا مە بڤەر دیت ئەڤ بابەتە برەنگەکێ باشتر بهێتە ڕێکخستن.

هەروەسا پارێزگەرێ دهۆکێ گوت: دڤێت پێداچونەکا ڕژد ل سەربهایێ ئاڤێ بهێتە کرن وبارێ وەلاتیان نەهێتە گرانکرن وبهایێ ئاڤێ وەکو بەرێ ژوەلاتیان بهێتە وەرگرتن هەتا کو هەموو پێڤەر دهێنە دانان.

هەروەسا تەکەزکر کو دڤێت ئەو زێدەگاڤیێن ژلایێ جهێن بارزگانی وخودانێن بیستانان لسەر ئاڤێ هاتینە کرن بهێنە لادان و ڕێکخستنا ئاڤێ باشتر بهێتە کرن چونکو ئاڤ سامانەکا زور گرنگە دڤێت ب هەدر نەهێتە ب کارئینان وخواست کو کابینا نوو یاحکومەتا کوردستانێ بابەتی چارەسەرکەت کو دبەرژەوندیا حکومەت و وەلاتیان دابیت وژوەلاتیان خواست کو هاریکارین دگەل سازیێن پەیوەندیدار وئابوریێ ژێ چونکو ئەڤ ئاڤ ژێدەرەکا سروشتیە و ژبو هەمی مرۆڤان پێدڤی و گرنگە ئەڤ ئاڤ ب ڕێکا باش بهێتە بکارئینان و ب ڕێکا باش بهێتە بکارئینان و ب ڕێکا باش بهێتە بکارئینان و

لایەنە سیاسی و پێکهاتەکان پشتیوانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن

دوێنێ چوارشەممە 10ی تەمووز، پەرلەمانی کوردستان متمانەی بەخشی بە مەسروربارزانی وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی نۆیەم و لە هەمانکاتدا متمانەی بەخشی بە یەکە یەکەی وەزیرانی کابینەی نۆیەم. بەم شێوەیە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان دەست بەکار بوو. پاش سوێندخواردنی وەکو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی لە وتەیەکدا هێڵە گشتییەکانی کاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چوارساڵی ئایندە خستەڕوو و لە دەسپێکیدا گوتی: " لەمڕۆدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینم ئاراستەی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەم کە بە ڕابەرایەتی جەنابیان گیانی بەرگری و خۆڕاگری لە هەرێمدا بەرز و بەهێز ماوەتەوە... هەر لێرەدا سوپاس و ڕێزم ئاراستەی کابینەی هەشتەم، بە تایبەت برای بەڕێزم کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم، کە لە ڕۆژە سەختەکانی ڕابردوودا لە خزمەتی هاوڵاتیان و نیشتمان بەردەوام بوون و دەسکەوتی بەرچاویان بۆ خزمەت و گوزەرانی هاوڵاتیان هەبووە. دواتر بەڕێز مەسرور بارزانی ڕایگەیان:"کاری سەرەکیمان ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازییە". هەروەها بەڕێزیان گوتی: " چاوەڕوانیی زۆر لەم کابینەیە دەکرێت، هەوڵدەدەین لە ئاست ئەم چاوەڕوانییە بین، لەهەمانکاتدا هیوادارم جەماوەری خۆشەویستمان واقعبین بن و کۆسپ و کێشە و گرفتە کەلەکەبووەکان بەرچاو بگرن، چونکە تێپەڕاندنی ئەم کۆسپ و تەگەرانە بە شەو و ڕۆژێک ناکرێت و دەبێت هەموومان پشتیوان و هاوکاری یەکتر بین".لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵدەدەین راوبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان بخەینەروو بەرامبەر حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان کابینەی نۆیەم.

خەبات:تریفە ئازاد



سەعید هەرکی:

کابینەی نۆیەم دەبێت بە کابینەیەکی خزمەتگوزاری لە سەرجەم سێکتەرەکانی ژیان



چوار ساڵی داهاتوو پڕ دەبێت لە خزمەت کردن

ئازاد کورەچی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسۆنی میللەت لە لیستی کابینەی نۆیەمی ڕۆژنامەی خەبات گوتی:پڕۆگرامەکەی حکومەت پڕە لە کارو بەرنامەی چڕو پڕ بوو خاڵی زۆر جوانی تێدا بوو ئەگەر بەم شێوازە جێ بەجێ بکرێت دڵنیام سەرکەوتوو دەبین لەم کابینەیە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو کێشەکان نامێنن و هەنگاوی گەورە دەنێن بۆ خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان هەوڵ دەدرێت بە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان خزمەتی خەڵک بوو وە ئەو حزبانەی کە بەشداری حکومەتیان نەکرد لە نێو هێڵە گشتییەکانی حکومەت بەرنامەیان نابێت تەنها ئەو حزبانەی بەشداریان کردووە ئەوان بەرنامەیان دەبێت .وە دەمانەوێت حکومەت لە داهاتوو حکومەتێکی بەهێز بێت بۆ خزمەتکردن بە گشت چین و تووێژەکان بە بێ جیاوازی ئاین و ئاینزایەکان چاوەڕێ ئەوە دەکەین کە لە چوار ساڵی داهاتوو بتوانین خزمەتێک بکەین بە خەڵکی کوردستان کە تێدا ئەو نەهامەتییەی چەند ساڵی ڕابردوویان لە بیر بچێت کە بە هۆی شەڕی داعش و قەیران تووشی هەرێمی کوردستان هاتبوو.

ڕۆمیۆ هەکاری:

ئێمە وەک پەرلەمان و حزب و لایەنەکان پشتوانی بەڕێزیان دەبین بۆ خزمەت کردن لەم کابینەیەدا



بکرێت خاڵەکانی بەرنامەی کاری چوار ساڵی ئایندە جێ بەجێ بکرێت بۆ خەڵکی کوردستان، متمانە دانیش بە حکومەت لە نێو هۆڵی پەرلەمان زۆر بە شافیانە بەڕێوە چوو هیوا خوازم چوار ساڵی داهاتوو پڕ بێت لە خزمەت کردن بە خەڵکی کوردستان .ئێمە وەک تورکمانەکان لە ڕابردوو ئەزموونی زۆرمان هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و توانراوە خزمەتێکی زۆر بە تورکمانەکان بکرێت و مافیان پارێزراو بێت لە هەرێمی کوردستان بۆیە من گەشبینم لە داهاتوو کە حکومەتێکی بەهێز دەبێت و دەبێتە حکومەتی گشت چین و تووێژەکان و گشت پێکهاتەکانی کوردستان.

چاوەڕوانی پێشکەوتنی زیاتر دەکەین لە کابینەی داهاتوو

سەرکۆ گەلاڵی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسۆنی یەکێتی نشتیمانی کوردستان لە لیستی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:دوای ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو یەکێتی و پارتی ڕێکەوتن و ناوی وەزیرەکان ڕادەستی پەرلەمان کرا ئێمە وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان پابەندی ڕێکەوتنامەکە بووین دەنگمان دا بە سەرۆکی وەزیران و جێگرو سەرجەم وەزیرەکان پێمان وایە ئەو چاوەڕوانیەی کە (9) مانگە خەڵکی کوردستان هەیبوو لە لایەنە سیاسیەکان بیێتە هۆی ئەوەی کە ئیتر لەمەو دوا گوزەرانی خەڵک باش بێت و خەڵک لە ئارمی و ئاسوودەیی بژێت پێشکەوتنی زیاتر ببین و چاوڕوان دەکەین ئەم حکومەت حکومەتێکی بەهێز بێت و خزمەت بکات ئەو بەڵێننامەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە ناو هۆڵی پەرلەمان دای جێ بەجێ بکرێت بۆ ئەوەی چوار ساڵی داهاتوومان پڕ بێت لە ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان بۆیە ئەمڕۆ بە ڕۆژێکی نوێ دادەنێن و لە حکومەتێکین کە هەموومان بەرپرسیارەتی گەورەمان هەیە بۆ خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان ئێمە وەک یەکێتی بەڵێن دەدەین کە خزمەت بە هاوڵاتیانی خۆمان دەکەین و لەڕێر ئەو بەڵێن و متمانەی ئەوان دادەبین کە ئەوان دەنگیان پێمان دا ئەمڕۆش ئێمە خزمەتیان دەکەین بۆیە داوادەکەم هەموومان بە یەک دەنگ لە داهاتوو پێویستە خزمەت بکەین بە خەڵکی کوردستان.

ئازاد کورەچی:

گەشبینم لە داهاتوو حکومەتێکی بەهێز دەبێت و دەبێتە حکومەتی گشت چین و تووێژەکان و گشت پێکهاتەکانی کوردستان




لە حکومەتی داهاتوو مافی پێکهاتەکان پارێزراو دەبێت

ڕۆمیۆ هەکاری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی"ئەو بەرنامە ڕێک و پێکەی کە ڕێزدار کاک مسرور بارزانی وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داهاتوو خۆیندیەوە هیوادارم هەمووی خاڵا بە خاڵ جێ بەجێ بکرێت ئێمە وەک پەرلەمان و حزب و لایەنەکان پشتوانی بەڕێزیان دەبین بۆ خزمەت کردن لەم کابینەیەدا من پێم وایە خەڵک زۆر پشتوانی کابینەکەی تریشی کرد بە تایبەتی کە لە قوڵترین کێشەی سیاسی و ئابووری دابووین هەرێمی کوردستان گوزەر دەبوو دیارە چاوەڕێ کرد خەڵکی کوردستان و ماندو بونیان بەرز دەنرخێن داوا لە خەڵک و حزبەکان دەکەین کە بەهێز بن و پشتوانی کابینەی نۆیەم بکەین چونکە ئەو خاڵانەی کە لە هۆڵی پەرلەمان بەڕێز مسرور بارزانی ئاماژەی پێکرد هەمووی لە خزمەتی خەڵکی کوردستان بوو هەموو بۆ نوێ بوونەوەی پەیوەندیەکان بوو کەواتە ئێمە وەک گەلی کلدانی سریانی ئاشوری هەڵدەم پاڵپشتی لە جەنابیان دەکەین بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەموومان بە یەکەوە خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکەین. بێ شک حکومەت هەرێمی کوردستان لە هەموو کاتێک و ساتێک مافی پێکهاتەکانی لە هەرێمی کوردستان پاراستووە خزمەتی زۆری کردووون بۆ حکومەتی ئایندەیش ئێمە چاوەڕێ، دەکەین زیاتر خزمەت بکات بە پێکهاتەکان مافیان پارێزراو بێت وەک چۆن مافمان لە هەموو کاتێک پارێزراوە بۆیە دەڵێم حکومەتی داهاتوو پڕ دەبێت لە دەستکەوتی گەورە

کوردستانییوونی کەرکووک لە هزر و فەلسەفەی (مستەفا بارزانی)دا

بارزانیی نەمر: بۆ خوێنی من شەڕ دامەگیرسێننەوە... بەڵکو لەسەر کەرکووک و ناوچەکانی تر شەڕبکەنەوە





زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

بەڵگەنەویستە کە شاری دێرینی کەرکووک بەپێی بەڵگەنامە میژوویییە کۆنەکان و نێودەوڵەتییەکان ئەسڵ کوردستانییە، ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنن کە هەر لە میژەوە کەرکووک دانەبڕاوە لە جەستەی کوردستانی دایک و لە ناخی سەرجەم تاکەکانی گەلی کورددا تۆمارکراوە. سەرۆک مستەفا بارزانی مەزنترین شۆڕش (شۆڕشی مەزنی ئەیلوول)ی کردە قوربانی کوردستانییەتی کەرکووک و سەرجەم دانوستاندن و گفتوگۆی شاندە فەرمییەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی مەرکەزیدا، بارزانیی نەمر بە وتەیەکی بەنرخ و پیرۆز و شایستە، بە بەڵگەی زیندوو کوردستانییبوونی ئەو شارەی دەسەلماند. لەم ڕوانگەیەوە هەوڵمداوە لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە چەندین وشە و وتەی بەنرخی مستەفا بارزانی سەبارەت بە کوردستانییبوونی ئەو دەقەرە لە زاری چەند دیبلۆماس و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرێکەوە بخەمەڕوو.

وتەیەکی دیکەی بارزانی ئەمەی لای خوارەوەیە کە دەڵێت: (کەرکووک دڵی کوردستانە هەرکاتێ مرۆڤ توانی بێ دڵ بژی ئەوکاتە کوردستان بێ کەرکووک دەژی).

ئەم وتەیە گەلێک کرۆکی دیار و ئاشکرا و تێڕوانینی هەیە، گەورەترین شیکاری بەدەستهات و دیاریکردنی کەرکووک وەک دڵی کوردستانە بە واتا لێچووانی کوردستان بە مرۆڤ و کەرکووکیش بە دڵ. لێردا فەلسەفەکاری بەگشتی کردن و پارچەکردنی دەبینینەوە. دیارە چواندنی کوردستان بەجەستە مەبەستی بە دیارخستنی کرۆکی باسەکە نییە بەڵکو ئەمە وێنەکێشانی ئەم دەربڕینەیە بۆ وەرگرتنی مەغزایەکی دیکە کە ئەویش گرنگێتی بەهای چواندنی کەرکووکە بەدڵ، هەڵبەتە ئەم لێکچواندنە چەند مەغزایەک لە خۆ دەگرێت:

1- گرنگێتی و بەهای کەرکووک وەک ئەوەی شوێنی دڵی مرۆڤی گرتبێتەوە لەو پلە و پایەدا.

2- گرنگێتی خاڵێکی سەرەکی لە ڕێوشوێنی کەرکووک و پابەندی ژیان گوزەراندنی کوردستان بە کەرکووکەوە، کەرکووک لەسەر نەخشەی جیهانی بە واتا نەوتی ڕەش کە ئەمیش ئاوێتەکردن و بلووڕینی دەستەواژەیەکی بەپێز دەگرێتە خۆی ئەویش ژێرخانی لەو دووتوێیەدا بینیوومتەوە و کەرکووکی بە دایمەزی بزواندنی ژیانی خۆشگوزەران و سەربەخۆی کوردستانەوە پابەند کردووە، بارزانی هەستی بە گرنگێتی ئابووری و ڕۆڵی کاریگەڕێتی کردووە بۆیە بەشادەماری ژیانەوەی کوردستانی تیادەبینێتەوە.

ڕووکاری دووەمی وتەکەی بارزانی لەنیوە دێڕی "کەرکووک دڵی کوردستانە" لەوەدایە کە بارزانی تەنیا مەبەستی باشووری کوردستان نەبووە واتە کوردستانی عێراق بگرە کوردستانی گەورەی مەبەست بووە، جا بزانین بەڵگە چییە بۆ ئەم وتەیە، بارزانی باش زانیوویەتی کە لە هەرچوار پارچە بەشکراوەکەی کوردستاندا شارێک یاخود شوێنێک نییە وێنەی کەرکووک لە ڕووی سامانی سروشتی نەوتەکەیەوە هێندە دەوڵەمەند و بەتوانابێت.. دیارە ئەمەش وای لێدەکات بێتە کۆڵەکەیەکی زۆر مەزن بۆ بزواندنی گوزەرانی کوردستانی گەورە. ڕەنگە هەبێ بڵێ بارزانی تەنیا مەبەستی کوردستانی عێراق بووە و بیری بۆ دوورتر نەڕۆیشتووە. زیاتر لەسەری بڕوا و بڵێ ئەوەش بە بەڵگە دەهێنینەوە کە پیلانە شوومەکەیان دژی بارزانی کرد سالی 1971بە مەبەستی شەهیدکردنی لەسەر جێگای خەستەیید دەڵێت: " گەر شەڕتان کردەوە لەسەرخوێنی من شەڕ دامەگیرسێننەوە بەڵکو لەسەر کەرکووک و ناوچەکانی تر شەڕبکەنەوە". بۆیە دەڵێن ئەم شیکارییەی بەجێیە بۆ ئەقڵییەتی ساتی بیرکردنەوە لە وتەکەی من دڵنیا بێت).

د. ناسیح غەفوور، دێڕژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێت: هەر سەبارەت بەو کۆڕە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، خۆشی لە بەشی سێیەمی کتێبە میژوویییە بەنرخەکەیدا (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد) ئەو سەردان و بەسەرهاتەی کەرکووک ئەگێڕێتەوە و، ئاماژەش بەوە دەکات، کە دوای ئەوەی جەماوەر گوێبیستی ئەو وەڵامدانەوەیە بوون، لە خۆشییاندا ئەوەندی تر خرۆشان و دروشمیان بەرزدەکردەوە و هوتافیان لێ ئەدا. کۆڕەکە بوو بەخۆپیشاندان و خرۆشانێکی بێ وێنە، بەعسییەکان واقیان لێ ورمـا و بێ دەنگ و کپ بوون. بۆیە جارێکی تر وتەکەی دووبارەکردەوە، کە بەڵێ، کەرکووک بەشێکە لە کوردستان. لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژە خۆشە و ئەو وتە ڕاشکاو گرینگە و میژوویییانەی جەنابی سەرۆک ئێستاش هەر لە گوێی کەرکووکییە خۆڕاگر و کۆڵنەدەرەکان ئەزرنگێتەوە

وتەکە نکۆڵی لێکردنی ئەم بۆچوونە ناکرێ. بەڵام بارزانی بۆ زۆر لەوە دوورتر ڕۆیشتووە و مەغزای فەلسەفە لە ناو دەربڕینەکەدا چاندووە بەڵگەش ئەوەیە.

1- گەر بارزانی مەبەستی تەنیا کوردستانی عێراق بووایە بە ڕاشکاوی دەیگوت: دڵی کوردستانی عێراقە.

2- نیوەدێڕی دووەم بە تەواوەتی مەغزا گشتییەکە (مەبەست لە کوردستانی گەورەیە و بەدیار دەکات) کە ئەویش ئەم نیوە دێڕیە. (هەرکاتێ مرۆڤ توانی بێ دڵ بژی)...

مرۆڤ بە واتا گشتییەکەی هەڵبەت بەگشتی کردنی نیوەدێڕە ڕەمەزان دەڵێت: بارزانیی نەمر هەرگیز ئامادە نەبوو واز لە کەرکووک بێنێ و ڕێڤیمیش بە ئارەزووی خۆی ئەیویست لە کوردستانی دابببڕێ، چونکە بەلای بارزانیی نەمرەوە دەستهەڵگرتن لە کەرکووک دەستهەڵگرتن بوو لە خودی ژیان بەخۆی، ئەگەر بڕوانینە ئەو وتەیە دەبینین چەند ورد و بیرمەندانە شوێن و گرینگی کەرکووک هەڵدەسەنگێنێ دیاریکردنی کەرکووک بە دڵی کوردستان بەواتای کوردستان بە مرۆڤ و کەرکووکیش بە دڵەکەی، مەبەستی ئەوەیە کە داینەمۆی بزووتنەوەی ژیانی سەرفرازی و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و بوژانەوە و گەشە سەندنی کوردستانە. چونکە بارزانیی نەمر بایەخ و گرنگی ئابووری کەرکووک و ڕۆڵی کاریگەری ئەوی لە بوژانەوەی ژیرخانی کوردستاندا هەست پێکردووە و زانیویەتی، کە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا شارێک یان شوێنێک نییە لە ڕووی سامانی سروشتی نەتەوەوە لە وێنەی کەرکووک دەوڵەمەند و بەتوانا بێت.

> **بارزانیی نەمر: من نە ئێستا و نە لە پاشەڕۆژ، بە مساوەمە لەسەر کەرکووک ڕازی نابم و نەفرەتی میژوو ناخەمە سەر ڕووی خۆم**

گۆڤاری (کویک)ی ئەڵمانی لە ژمارە 20ی سالی 1974 لە ژێر ناونیشانی (شۆڕشگێڕی گەورەی ئەم ڕۆژگارە)دا وتارێکی بلاوکردۆتەوە و دەڵێت: کوردی کەرکووک بە پارچەیەک لە تایبەتی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق هەبێت. لە شوێنێکی تر دا بارزانی سەبارەت بە کەرکووک وتوویەتی: (من نە ئێستا و نە پاشەڕۆژ ڕازی نابم بە مساوەمە و، نەفرەتی میژوو ناخەمە سەر ڕووی خۆم).

* دکتۆر ناسیح غەفوور ڕەمەزان، دەڵێت: من خۆم چەندین جار لە شەهید کاک ئیدریس بارزانی سەرکردەی هەمیشە زیندووم بیستووە، کە چۆن بارزانیی نەمر ئامادە نەبووە دەست لە کەرکووک هەڵبگرێ و هەمیشە لە کاتی گفتوگۆکاندا لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کەرکووک هی کوردە و، ئێستاش هی کوردە و هەر بەهی کوردیش دەمێنێتەوە، چونکە شارێکی دێرینی کوردستانە. هەروەها کاتێک جەنابی کاک مسعود بارزانی، وەکو نوێنەری سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول، دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970 لە سەردانێکیاندا بۆ شاری کەرکووک لە 6/2/ 1970 لەگەڵ (تەها یاسین ڕەمەزان) نوێنەری حکوومەت پێکەوە کۆڕێکیان بۆ جەماوەری شار گێڕا، هەروەها دکتۆر ناسیح دەڵێت: من خۆم لەوێدا ئامادەبووم هاوڵاتییەکی ئامادەبووی کۆڕەکە لە بەڕێز کاک مسعودی پرسی ئایا بەڵای ئێوەوە کەرکووک کوردستانە؟ لە وەڵامدا جەنابیان هەمان وەڵام و هەڵوێستی چەندین جارەی بارزانیی نەمری ڕاگەیاند و وتی: (بەڵێ، کەرکووک کوردستانە، هەرکەسێ پێچەوانەی ئەمە دەبینێ پێویستە بگەڕێتەوە بۆ میژوو، لاپەڕەکانی بەباشی تەماشا بکات و بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بیرمەندانە شوێن و گرینگی کەرکووک هەڵدەسەنگێنێ دیاریکردنی کەرکووک بە دڵی کوردستان بەواتای کوردستان بە مرۆڤ و کەرکووکیش بە دڵەکەی، مەبەستی ئەوەیە کە داینەمۆی بزووتنەوەی ژیانی سەرفرازی و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و بوژانەوە و گەشە سەندنی کوردستانە. چونکە بارزانیی نەمر بایەخ و گرنگی ئابووری کەرکووک و ڕۆڵی کاریگەری ئەوی لە بوژانەوەی ژیرخانی کوردستاندا هەست پێکردووە و زانیویەتی، کە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا شارێک یان شوێنێک نییە لە ڕووی سامانی سروشتی نەتەوەوە لە وێنەی کەرکووک دەوڵەمەند و بەتوانا بێت.

گۆڤاری (کویک)ی ئەڵمانی لە ژمارە 20ی سالی 1974 لە ژێر ناونیشانی (شۆڕشگێڕی گەورەی ئەم ڕۆژگارە)دا وتارێکی بلاوکردۆتەوە و دەڵێت: کوردی کەرکووک بە پارچەیەک لە تایبەتی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق هەبێت. لە شوێنێکی تر دا بارزانی سەبارەت بە کەرکووک وتوویەتی: (من نە ئێستا و نە پاشەڕۆژ ڕازی نابم بە مساوەمە و، نەفرەتی میژوو ناخەمە سەر ڕووی خۆم).

* دکتۆر ناسیح غەفوور ڕەمەزان، دەڵێت: من خۆم چەندین جار لە شەهید کاک ئیدریس بارزانی سەرکردەی هەمیشە زیندووم بیستووە، کە چۆن بارزانیی نەمر ئامادە نەبووە دەست لە کەرکووک هەڵبگرێ و هەمیشە لە کاتی گفتوگۆکاندا لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کەرکووک هی کوردە و، ئێستاش هی کوردە و هەر بەهی کوردیش دەمێنێتەوە، چونکە شارێکی دێرینی کوردستانە. هەروەها کاتێک جەنابی کاک مسعود بارزانی، وەکو نوێنەری سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول، دوای مۆرکردنی



بارزانیی نەمر: کەرکووک دڵی کوردستانە



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

مەسروور بارزانی، خەمخۆری کوردستانیان بۆ ئایندەیەکی ڕووناک

پارتی دیموکراتی کوردستان ، جگە لەوەی باوەڕی تەواویی بە بنەماکانی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی هەمور ئایین و ئایینزاکان هەیە، لە هەمانکاتیشدا قوتابخانەی پەروەردەکردنی سەرکردەی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرە. دەبێن ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی کوردستان متمانەی بەخشیووەتە یەکێک لە قوتابی و پێشمەرگە کە هەمور کات لە خەمی گەل و نیشتمانەکەی بووە، بەرێز مەسروور بارزانیی وەکو ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان، جگە لەوەی خاوەن ستراتیژییەکی ڕوون و ئاشکرایە، بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەی دیموکراتییە لە کوردستان لە هەمانکاتیشدا درێژە پێدەری هەمان ڕێباز و بیری هزری سەرۆک بارزانییە کە بەدرێژایی میژووی خەباتی بێوچانی تێکۆشاوە تا کورد وکوردستان بە سیمایەکی زۆر جوانی ئاشتیانە و پێکەوە ژیانی هەمووان پیشانی دونیا بدات و ئەمڕۆ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بە چاوێکی پڕ بابەخەوە بڕوانن هەرێمی کوردستان و بێتە شوێنکی متمانە پێکراو و سەقامگیر لە ناوچەیەکی پڕ کێشەدا.

گرینگترین بەرپرسیارێتی حکومەت، کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە سەرپەرشتی ڕێزدار مەسروور سەرکەوتووانە پێک دەهێنرێ، بریتی دەبێ لە چەسپاندنی سەروەری هەرێم و سەپاندنی یاسا بەسەر سەرجەم ناوچە کوردستانییەکان و بەهێزکردنی توانا سەربازی و ئەمنیە فەرمییەکان و بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کارکردن بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و هەنگاوانان بەرەو بنبڕکردنی گرفتە درێژخایەنەکان و پتەوکردنی یەکڕیزی نیشتمانی. بەڵگەی هەرە بەرچاویش، حکومڕانی 27 ساڵەی هەرێمی کوردستانە، خەم و دڵسۆزی پارتی و سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانییە کە سەرپەرایی هەموو کۆسپ و تەگەرەکان و کێشە سیاسییەکان، بەڵام ڕێگەیان نەدا ژیان و پێکەوەژیان لە کوردستاندا پێشێل بکرێ. بەپاڵپشتی جەنابی سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان، ئێستاکەش بە هەمان ڕووحییەت و بەهێزتر مەسروور بارزانی کار بۆ بەردەوامی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی هەموو کوردستانیان دەکات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ستراتیژی و بەرنامەی قوتابخانەی بارزانیی و کوردایەتییە.

لایی هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، کە پێشکەوتن و سەرکەوتنی هەر حکومەت و وڵاتێک بەندە بەوەی کە هەمووان وەک یەک تیم کار بکەن، چ ئەوانەی کە بەشدارن لە پرۆسەی حکومەت و چ وەک ئۆپۆزسیۆن و چاودێرێکی دڵسۆز و کەم و کورتییەکان دەستنیشان دەکەن، بەرپرسیاریەتی قورس و نیشتمانیان لە ئەستۆیە، چونکە خەڵکی کوردستان بە چاوی حکومەت و ڕێنیشاندەر هەژمار دەکرێن .. بەرێز مەسروور بارزانیی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بەوپەڕی تواناو و گشت هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ لە پێناو هەر چی خێراتر جێبەجێکردنی پرۆژە ئابووری و چاکسازی و ئاوەدانییەکان و گشت سێکتەرەکانی تر دا. بۆ ئەوەی کابینەی نوێەمی حکومەتی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو سەرکەوتوویێت و کارنامەکەی وەکو خۆی جێبەجێ بکات بۆ زیاتر بەهێزکردنی پێگەی کوردستانە بە ئاڕاستەی کوردستانێکی بەهێزتر.

وون بوون

پسوولەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٦٤٨٥ بەرواری ٢٠١٨/٧/٣٠ بەبری ٤٨٠٠٠٠ بەناوی فلاح حسن محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٦٥٠٠ بەرواری ٢٠١٨/٧/٣٠ بەبری ٤٨٠٠٠٠ بەناوی ئومید محمد رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٦٤٨٣ بەرواری ٢٠١٨/٧/٣٠ بەبری ٢٨٨٠٠٠ بەناوی سنگر ابوبکر رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٧١٧٤ بەرواری ٢٠١٨/٨/٢٧ بەبری ١٩٢٠٠٠ بەناوی سنگر ابوبکر رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٦٤٩٥ بەرواری ٢٠١٨/٧/٣٠ بەبری ٤٨٠٠٠٠ بەناوی هیمن حسن محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٦٤٩٩ بەرواری ٢٠١٨/٧/٣٠ بەبری ٤٨٠٠٠٠ بەناوی شاکر محمد رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٦٤٩٠ بەرواری ٢٠١٨/٧/٣٠ بەبری ٤٨٠٠٠٠ بەناوی فیصل ابوبکر رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

بڕوانامەیەکی ڕەگەزنامەی عێراقی بەناوی (اسماعیل حمە فائق امین) ، شوێنی لەدایك بوون کەلار ١٩٨٠ دەرچووی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی سلێمانی وون بووە ،هەرکەس دەیدۆزێتەوە بیگەڕێنێتەوە بۆرۆژنامەی خەبات

***

وون بوون

پێناسی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی عێراقی بەناوی (فەریدون قاسم حمە) ون بووە، هەر کەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٣٧٨٢٦٨٨).

شوێنی دەرچوونیان (٠٧٧١٤٦٩٥٧٦٦)

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە فرۆشتنی پارچە زەوی ژمارە (١/٥٤١) ك (٤٤) وارش بەرووبەری (٢٨ و ٤٣٣) م٢ گەرەکی بەختیاری بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کریارە.

د. کەال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/١

تۆماری ئامێرەکان

ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی لەاڵیەن (عبدالمجید مصطفی معروف) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کارگەی (نەورەس بۆ بەرهەم هێنان و پاراستنی خۆراک لە ساردی دا) لە بەرواری (٢٠١٩/٣/٦) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردوە کەلە تانجەرۆ دانراون کە ئامێرەکانیان لەخوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنوسی ژمارە (٣٣) ی ساڵی (١٩٩٨) بەرکار لە هەرێمی کوردستان بالو دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەک لەو ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بەپێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆماری دەکەین و بروانامەی تۆماری ئامێرەکانی پێ دەدرێت.

ئامێرەکان:-

١- ئامێری لەکێس کردنی شەکری وردە + کۆنفایەر و هۆپەر /تورکی /کارەبای مۆدێل ٢٠١٥ /٧٠٠ غم /ژمارە ٢٠١٥٠٠٥

٢- ئامێری لەکێس کردنی شەکری وردە + پاشکۆکانی کۆنفایەر + هۆپەر /تورکی مۆدێل ٢٠١٧ /کارەبای /٩٠٠ غم _ ٢ کغم /ژمارە SV ٥٠٠٠١٠١

٣- ئامێری لەکێس کردنی لەتک نۆک + بادەم + کشمیش /ئێرانی /کارەبای مۆدێل ٢٠١٠ بێ ژمارە .

٤- ئامێری لەکێس نانی شەکری کلّۆ و پاشکۆکانی /ئێرانی /کارەبای ٢٥٠ غم / مۆدێل ٢٠١٤ بێ ژمارە.

٥- ئامێری لەکێس نانی شەکری وردە و پاشکۆکانی /تورکی مۆدێل ٢٠١٢ / کارەبای ٥کغم _١٠ کغم ژمارە ٣٨

دادنووس/ محمد سلیمان رۆستم

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی پێباز

بەشی زەوی وزار

ژمارە : ١٩٧

بەروار : ٢٠١٩/٧/٨

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی پێباز ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیان دەکاتەوە کەهەڵدەستێت بە بەکرێدانی بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (٢) کەرتی (٥) ی باوەنور و تۆمارە بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی پێبازەوە بەپێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) ی بدرێت بە مزایدە و مساتحە بۆماوەی (٣) ساڵ بە ڕوبەری (٣٠) م٢ بەمەبەستی دروستکردنی (٢) دوو دوکان جا هەرکەس ولایەنیك ئارەزوی بەشداری کردنی مزایدەی هەیە لەدوای (٣٠) لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لەدیوانی سەرۆکایەتی شارەوانی پێباز ئامادەبێت ...

تێبینی / ئەگەر ڕۆژەکە کەوتە پشووی فەرمی ئەوە یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دەبێتە ڕۆژی مزایدە .

ارازمحمد محمود

سەرۆکی شارەوانی پێباز

٢٠١٩/٧/٨

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەڵدەستێت بە بە بەکرێدانی ڕووبەری(١٥٠٠ م٢) لە سەر پارچە زەوی ژمارە (٣/٨٣) کەرتی ٤ قەرەبالغ) بە مەبەستی دروستکردنی کۆگای ووشکە فرۆشی بە زیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦, جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیاد کردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەری میری گەرمیان بدات لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە ،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێت.

تێبینی کرێی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەدەچێت.

مکرم فتاح محمد

بەڕێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان

٢٠١٩/٧/٨

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەڵدەستێت بە بە بەکرێدانی ڕووبەری(١٢٠٠ م٢) لە پارچە زەوی ژمارە (٣/٨٣) کەرتی ٤ قەرەبالغ) بە مەبەستی دروستکردنی کۆگای کۆگای وشکە فرۆشی بە زیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦, جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیاد کردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەری میری گەرمیان بدات لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە ،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێت.

تێبینی کرێی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەدەچێت.

مکرم فتاح محمد

بەڕێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان

٢٠١٩/٧/٨

***

دادگای تێهەڵچوونەوە/ بەشێوەی ڕەسەن

ژمارە/ ٣٣١/س/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٩

جاردان

بۆ/ تێهەڵچوو لەسەر (کاکە ڕەش محمد حسین/ المدیر المفوض لشرکة الطرق للمقاولات و الاعمال المحدودة/ اضافة لوظیفتە) شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە تێهەڵچوو (محمد ڕضا اسدالله حسین/ المدیر المفوض لشرکة/ اباد راهان پاریس/ اضافة لوظیفتە) داوای تێهەڵچوونەوەی ژمارە ٣٣١/س/٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی بەختیاری لە ٢٠١٩/٧/٨ بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یا بریکاری یاسایت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٨ کاتژمێر (٩/ بەیانی) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ دەرهەقت بەپێی یاسا.

سەرۆك/ شوان حبیب صالح

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٧/١٠

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (شاخەوان محمد جلال) لە بەرواری ٢٠١٩/٧/٩ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (ڕێگای قوشتەپە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکالکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم

مریوان قەرنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- چواردانە دروستکردنی سیمی سیاج بێ ژمارەن مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢١٥*K.W٤ دوو مەتری ٢ سی مەتری.

***

وەزارەتی تەندروستی

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و گرێبەستەکان/ بەشی گرێبەستەکان

ژمارە: ٩٣٢٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٩

بانگەوازی گشتی کەمکردنەوەی نهێنی (٢٠١٩/١)

وەزارەتی تەندروستی بانگەوازی گشتی کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ چاندنی مۆخی ئێسك بۆ تووشبوانی تەلاسیما (Bone Marrow Transplantation) بۆ (٥٠) نەخۆش ئەگەری زیاتر یان کەمتر بۆ ماوەی یەك ساڵ جا هەر (کۆمپانیا) ئارەزووی بەشداربوونی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان گشتیەکان لە دیوانی وەزارەت بکات بۆ کرینی تەندەر بە نرخی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کە نادرێتەوە دواکات بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی (سێ شەم) ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٣٠) ڕادەستی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان بکرێت تێبینی/ کرێی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە کارەکەی پێدەسپێردرێت لەگەڵ ڕێزدا.

مەرجەکانی بەشداریکردنی کۆمپانیا:

١- پێشکەش کردنی بارمتەی یاسایی بەشداری کردن لە کەمکردنەوە بەگوژمەی (١٢٠,٠٠٠,٠٠٠) سەدو بیست ملیۆن دینار بە دەستەبەری بانکی پەسندکراو.

٢- مۆڵەتی پێدانی کارکردن لە وەزارەتی تەندروستی.

٣- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکا.

٤- پاکانەی ئەستۆی باجی کۆمپانیاکان بۆ ساڵی ٢٠١٩.

د. ڕێکەوت حمەرشید کریم

وەزیری تەندروستی

***

تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر

بریاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٢٨٥٦ لە کەرتی ٨٦ بنصالاوە لەڕێکەوتی: ٢٠١٩/٦/٢٧ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەاڵتەی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی میراتگرانی (عمر شریف اومر) بچەسپێ و ئەم بریارەش بەپێی ماددە (٤٩) ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە: ١٢١٦٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٨

ئاگاداری ژمارە (٣)ی ٢٠١٩ (بۆ جاری دووەم)

کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دابین کردنی خواردنی کۆلێژی پۆلیسی هەولێر) دەکات هەر بەلێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەت بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٢ دەبێت. وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

١- کۆمپانیای دەبێت تایبەت بێت لە بواری بیناسازی.

٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دیناری کە گەرانەوەی بۆ نییە.

٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.

کریم سنجاری / وەزیری ناوخۆ

***

دادگای بەرایی شەقالاوە

ژمارە: ٢٣٩/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (دلشاد عمر قادر)

داواکار (دارا عمر قادر/ بریکاری پارێزەر: توانا رشید عزیز

داواکار داوای بەرایی ژمارە ٢٣٩/ب/٢٠١٩ لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیادا بریکارەکەی داوای نەهێشتنی پشکداری (ازالە شیوع) دەکات لە مولکی ژمارە (٢/٧١٠) کەرتی ١ بساتین) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی سەرمیدان شەقالاوە بۆیە پێت ڕادەگەینین کە بەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە کە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٣ ئامادەبن یان بریکارتان بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەپاشملەو ئاشکرا.

دادوەر/ ڕشاد خالد عمر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٧٣٤/ج/٢٠١٦

ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٩

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: مەبەست عزالدین احمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیشدراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ قادر محمد نوری

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارە: ٢٨٥٠/ك/٢٠١٨

ڕۆژ: ٢٠١٩/٤/١٥

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: عزیز مصطفی حمەخان

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیشدراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (دەستپاکی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ ازاد اکرم مجید

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێدان

ژمارە: ١٠١٥٧/١٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٠

ئاگاداری

دوا بەدوای ئاگاداریەان ژمارە (٧٧١٦/١٠) لە ٢٠١٩/٥/٢٣ و کە تیایدا لەماوەی بەکرێدانی پارچە زەوی (٣/٧٠٢١ ك ٧٦ کونەگورگ) (١٠ ساڵ) بە هەڵەی چاپ هەڵەکراوە بەژمارەی (٥ ساڵ) تکایە کاری پێویست ئەنجام بدەن بەڕاستکردنەوەی هەڵەکە و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی..

ڕاستی ماوەی بەرکرێدانی پارچە زەوی بەم شێوەی خوارەوەیە:

ژمارەی زەوی/ ٣/٧٠٢١ ك ٧٦ کونە گورگ ڕووبەر/ ٧١م٢ جۆری بەکارهێنان/ فرنی ئۆتۆماتیك ماوەی بەکرێدان/ ١٠ ساڵ.

ئەندازیار / سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٨٧٤٢

ڕێکەوت: ٢٠١٢/١٠/١٦

بریاری ڕەزامەندی

دوابەدوای داواکاری کۆمپانیای (A.P.C.S بۆ ئەندازیاری/ سنوردار) کە لەلامان تۆمارکراوە لەژێر ژمارە (٤٦٩٦) لە بەرواری ٢٠٠٨/٣/١٧ کە کوونووسی کۆبوونەوەی هاوپێچە لەگەڵی لە ٢٠١٢/١٠/١٦ من وەکو بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ڕەزامەندیم دا کە کۆمپانیای ناوبراو لەژێر پاکتاوکردندا بێت تا کارە یاساییەکان ئەنجام دەدرێت و بەریز (سلام نادر نادر) وەك پاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.

مافپەروەر / دڵزار اسماعیل احمد

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (A.P.C.S بۆ ئەندازیاری/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ سلام نادر نادر

ناونیشان/ هەولێر- شەقامی نەورۆز

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٣٨٩٤٣

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/ ١١٥/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/١٠
بۆ داوالێکراو (احمد محمد حنش) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگاداری
داواکار (معـزز سـعد معـروف) داوای ژمـارە (١١٥/ش/٢٠١٩) تومارکـردووە دەرهـەق بـە تـو لـە بـەردەم دادگاکەمـان کـە تایبەتـە بـە لێـک جیابوونـەوە (تفریـق) ولەبـەر دیارنەبوونـی شـوێنی نیشـتەجێبوونت دادگاکەمـان بریـاری دا بـە ئـاگادار کردنـەوەت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆییـەوە تاکـو ئامادەبـی لـە بـەردەم دادگاکەمـان سـەر لـە بەیانـی رۆژی(٢٠١٩/٧/٣٠)کـە دیاریکـراوە بـۆ دادبینـی یـا نارەنـی بریکارێـک لـە جیاتـی خـۆت وە بـە پێچەوانـەوە دادگا هەلدەسـتێت بـە دادبینـی پـا شـملە دەرهـەق بەتـۆ وبەپێـی یاسـا بریـاری پێویسـت دەردەکات
دادەر / طارق رمضان صالح
* * *
دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/ ١٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/١٠
بۆ داوالێکراو (ماجد هاشم عبدالله) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە
ئـەم دادگایـە لـە داوای شـەرعی ژمـارە (١٥/ش/٢٠١٩) لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/٦/٢٣ لـە سـەر داوای داواکار (شریـن نظیـف خاجـة) بریـاری پـا شـملەی دەرکـردووە کـە تایبەتـە بژێـوی (نفقـە) ولەبـەر دیارنەبوونـی شـوێنی نیشـتەجێبوونت دادگاکەمـان بریـاری دا بـە ئاگادارکردنـەوەت بـە بریـاری پـا شـملە لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆییـەوە بۆیـە مافـی رازی نەبـوون وپێداچوونـەوەت هەیـە لەسـەر بریـاری ئـەم دادگایـە لـە مـاوەی یاسـاییدا وبەپێچەوانـەوە ئـەم بریـارە پلـەی بنـبر وەردەکریـت بەپێـی یاسـا
دادەر / طارق رمضان صالح
* * *
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٧٦٠ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٩ /٧/ ٢٠١٩
راگەهاندن
بۆ/داوالێکـری (عمـران صدیـق سـلیمان) ل دویـف داخازیـا داواکار (نجـاح عبدالرحمـن محمـد) وکێشـا ژمـارا وێ ل سـەری دیـار کـری تێـدا داخـازا بژێـوی رابـردو وبـەردەوام ژ تـە کریـە وژبـەر نەدیـار بوونـا جهـێ ئاکنجـی بوونـا تـە بـو دادگەهـێ ل دویـف نڤیسـارا بەربـژارێ ناحیـا (قـەسروك)ل رێکەفتـی ٢٠١٩/٦/١٧ ئەڤجـا بریـار هاتـە دان کـو ئاگەهداریـا تـە بێتـە کـرن ب رێـکا دوو رۆژنامێـت رۆژانـە دا ئامـادە بـی ل رۆژا ٢٠١٩/٧/٢٨ یـان بریکارەکـێ پێـش خوڤـە ئامادەبکـە وبەرۆڤاژیـا ڤـێ چەنـدێ دێ دادگەهـا تـە پاشـەملی هێتـە کـرن
دادەر/ زیڤان احمد حسین
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٨٤٠ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٧/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکـراوان(بیریـس حکمـت نجاتـی وشـیلان حکمـت نجاتی)جهـێ ئاکنجیبوونـا وان نەدیـارە ژبـەر داوا ل هـەوە هاتیـە تۆمارکـرن بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ ژلایـێ داواکارێ (فریـد احمـد عبدالرحمـن) ئـەوا تێـدا داوای قـەرزی خـۆ دکـەت ژ کوژمـێ پـارە ($٢٠٠٠٠٠) دوو سـەد هـزار دولار امریکـی بەرامبـەر وی ب کوژمـی پارەیـی (٢٤٠٠٠٠٠٠٠) دوو سـەدو چـل ملیـون دینـار عراقـی وژبـەر جهـێ ئاکنجیبوونـا وە نەدیـارە ل دیـف نڤیسـارا بنگەهیـن بولیسـین نزارکـی ژمـارە (٣١٤٦)ل رێکەفتـی ٢٠١٩/٦/٢٥ وراپورتـا هەلبژێـری تاخـی نزارکـی رێکەفتـی ٢٠١٩/٦/٢٤ بریـاردا هیـن بهێیـە ئاگەهدارکـرن بریـکا دوو رۆژنامێـن نافخویـی لدویـف مـادێ (٢١) ژ یاسـایا دادبینـیا شارسـتانی بـۆ ئامادەبوونـێ بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ ل دەم ژمێـر (٩,٠٠)ی سـپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/٧/٢٤ وئەگـەر ئامادەنەبـن یـان بریکارەکـێ پێـش خوڤـە نـە هنێریـن دێ ب پـا شـملە وئاشـکرایی داوا بریڤـە چیـت ولدیـف یاسـایێ
دادەر / ریبوار محمد حسن
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٧٢٨ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/٩/٧/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکـری(داود سـلیمان احمد)جهـێ ئاکنجیبوونـا وێ نەدیـارە ژبـەر داوا ل دژی تـە هاتیـە تۆمارکـرن بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ ژلایـێ داواکاران (خورشـید حسـین رمضـان واحسـان عبدالله عبدالقـادر) ئـەوا تێـدا داوای زڤراندنـا کوژمـێ پـارە ($٧٥٠٠٠)حەفـت وپێنـج هـزار دولار امریکـی بەرامبـەری دینـار ئیراقـی بکوژمـی پـاری (٩٠٠٠٠٠٠٠)نـوت ملیـون دینـاری ئیراقـی وژبـەر جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە نەدیـارە ل دیـف نڤیسـارا بنگەهیـن بولیسـین نزارکـی یـا ژمـارە (٣٢٧٠) رێکەفتـی ٢٠١٩/٧/٢ وراپورتـا هەلبژێـری تاخـی ایتـوت رێکەفتـی ٢٠١٩/٧/١ ڤـێ دادگەهـێ بریـاردا تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن بریـکا دوو رۆژنامێـن نافخویـی لدویـف مـادێ (٢١) ژ یاسـایا دادبینـیا شارسـتانی بـۆ ئامادەبوونـێ بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ ل دەم ژمێـر (٩,٠٠)ی سـپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/٧/٢٨ وئەگـەر ئامادەنەبـی یـان بریکارەکـێ پێـش خوڤـە نـە هنێـری دێ ب پـا شـملە وئاشـکرایی داوا بریڤـە چیـت ولدیـف یاسـایێ
دادەر / ریبوار محمد حسن
* * *
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٧٩٣/ش/٢٠١٥
رێکەفت/ ٢٠١٩/٦/١٣
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بـۆ داوالێکـری (عائـدە ابراهیـم رمـو) ڤـێ دادگەهـێ ل رێکەفتـی ٢٠١٥/١١/١٦ ێ دکێشـا ل سـەری دیارکـری دا ئـەوا هاتیـە تومارکـرن ژ لایـێ داواکار (سـالم جاسـم حاجـی) بریـاردا ب (تصدیـق طـلاق خارجـی) دنافبـەرا تـە وهەڤژینـێ تـە یـی داواکار دا وتـە مافـی نەرازیبوونـێ یـێ هـەی دمـاوێ دەە رۆژان ژ روژا ئاگەهدارکرنـا تـە ل رۆژنامـێ وبەرۆڤـاژی وێ دێ فەرمانـا ل سـەری دیارکـری ل سـەر تـە هێتـە بجهێنـان
دادەر / مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگای باری کەسایەتی دیرالوك
ژمارە/ ١٦١/ش/٢٠١٩
بەروار/ ٢٠١٩/٧/١٠
ئاگاداری
داواکار (یسری فائق حسو)
داوالیکراو (علی عبدالله صالح)
بو/داوالیکـراو (علـی عبداللـه صالـح) جهـێ ئاکنجیبونـا تـە نـە دیـارە هەڤژینـا تـە یـا داواکار ددایـا شـەرعی یـا ژمـارە ١٦١/ش/٢٠١٩ دژی تـە تومارکریـە کـو داخـازا ژێکڤەبونـێ (تفریـق للهجـر) دکـەت دنافبـەرا هـەوە دا لدیـف مـادی (٤٣/اولا/٢) ژ یاسـا بـاری شارسـتانی ژبـەر کـو جهـێ ئاکنجیبونـا تـە ل دیـف رابورتـا هەلبژێـری ناحیـا شیلادزێ نەدیـارە بریـار هاتـە دان کـو ئاگەهداریـا تـە بهێتـە کـرن ب رێـکا دوو روژنامێـت نافخویـی کـو تـو ئامادەبـی ل ڤـێ دادگەهـێ روژا ٢٠١٩/٧/٢٢ ئەگـەر نـە دێ دادگـەە پاشـملە داوایـا داواکاری لدیـف یاسـایێ ب رێڤەبـەت
دادەر/ ئەڤراز مصطفی طه
* * *

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	Senior Accountant – A/R, Treasury and Auditing
Direct Supervisor	Controller, Reporting
Department	Business Services
Contract Type	Consultant
Job Location	Sulaimany Office – Kurdistan Region
Vacancy Reference: SA/A/July/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

- Supervision and transaction of accounts receivable (Petroleum Sales Proceeds).
- Daily entries and auditing for vouchers prepared by accountants in Erbil – Suli –KM
- Manage Cash and Bank
- Reconciliations of Cash and Bank Accounts.
- Follow up and circulate the daily exchange rates for local currency
- Budget vs Actuals
- Prepare the financials for branch and submit the required reports for Company Registration.
- Coordinating and relationships with government statutory auditors during the audit process
- Branch Accounting

Primary Duties and Responsibilities

- Responsible for accounts receivable (Payments from MNR)
- Follow up all bank's accounts Debit and credit transactions
- Monitor Cash and Bank and circulate the status on daily basis
- Vendor and Salary payments
- Monitor and update the Fixed asset Register
- Update the Prepayments and amortizations
- Prepare the Budget vs Actual Reports monthly
- Renewal of certificates of registration for the company (CP-Iraq) and the preparation of the Final Accounts
- Prepare necessary schedules for auditors and manage the auditing process
- Prepare the Annual Audited Accounts, signing by Auditors, Accounting Bureau, filing with ROC and Tax Offices
- Managing all enquiries from ROC, Tax Offices and obtaining NOC from Tax Office every year

Crescent Petroleum

Decision–making Authority

Assigned to take appropriate decisions on accounting issues in consultation with Accounting Manager and Controller

Working and Other Reporting Relationships

Controller	Daily
Accounting Manager	Daily
CP- Iraq Branch Manager	Monthly

Minimum Professional Experience Required

1- 3 Years' experience in banking activities
2- 8 years' experience in accounting

Supervisory Responsibility

Cashier/Accounts Assistant
Site Accountants

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

- Bachelor's degree in accounting and knowledge of Iraqi/IFRS and other accounting standards
- 3 years' experience in banking and Treasury with company of reasonable size.
- Good experience in handling accounting issues, Tax Compliance, Consultants, Govt. Offices etc.
- Ability to using logic and reasoning to identify the strengths and weaknesses of alternative solutions, conclusions or approaches to problems.

Special Requirements and Conditions

Working level of English knowledge, Kurdish fluently, Arabic is added advantage to have

Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Good organizational and planning skills • Excellent communication skills in English, Arabic and Kurdish • Ability to work under pressure • Willing to share the knowledge and commitment to continuous learning • Ability present ideas in a friendly language • Loyalty to the principle of work	• analyzing information and using logic to address work-related issues and problems • open to positive criticism and dealing calmly and effectively with high stress situations • establishing and maintaining personally challenging achievement goals and exerting effort toward mastering tasks • Ready to shoulder responsibility • Reliable • Very good team player / Leader • Ability to demonstrate honesty and confidentiality • Proactive approach • Flexibility	• Contribute to development and implementation of procedures and work instructions for the completion of related tasks. • Assist and Coordinate with audit teams from internal and Government audit teams • Good understanding of company management and organizational structure.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 20 July 2019

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Senior Accountant: Ref: SA/A/July/19)

ئەلبێر کامۆ.. لە کتێبێکی (میشال ئۆنفری)دا



بۆتان جەلال

دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی نووسەری فەرەنسا بەناوبانگ (میشال ئۆنفری) سەبارەت بە زانای دەروناسی ناودار سیگموند فرۆید کە لە نێوەندە فیکری و ئەدەبییەکاندا هەرا و زەنایەکی زۆری پەیدا کرد و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە هەموو فەرەنسا باس باسی ئەو کتێبە بوو، دواتر لە دوو توێی کتێبێکی 600 لاپەرەیدا ژیان و بەرهەم و پێگەی ئەدەبی رۆماننووسی ناوداری فەرەنسایی "ئەلبێر کامۆ"ی چاپ و بڵاوکردەوە، هۆکاری سەرەکی کارکردنی لەو کتێبەیدا بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە کامۆ 1960-1913لەنێو دنیای ئەدەبدا، بەتایبەتیش لە ئەدەبی فەرەنسیدا جێگا و پێگەیەکی زۆر شیاوی هەبووە و بە یەکێک لە کەڵە نووسەرە هەرە باشەکانی سەدەی بیستەم دەناسرێت، هەروەها هۆکارێکی دیکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە خەریکە لێرە و لەوێ لە لایەن چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکی ناحەز بەو کەڵە رۆماننووسە، توانج و ڕەخنە و قسەی ناشایستەی ئاڕاستە دەکرێ، دەیانەوێ لە نرخ و بەها ئەدەبییەکەی کەم بکەنەوە و ڕەونەقە ئەدەبییەکەی کاڵ و بێ مانا نیشان بدەن.



لەم کتێبەدا میشال ئۆنفری چەند وێستگەیەکی ژیان و داهێنانەکانی کامۆ بە وردەکاری تازە و بۆچوونی نوێ دەخاتە ڕوو، هەوڵ دەدات دووبارە بەرهەمەکانی لای خوێنەر شیرین و نایاب نیشان بدات و گرنگی خوێندنەوەی داهێنانەکانی کامۆ بە پێویست لە قەڵەم بدات.

قۆناغەکانی ژیانی کامۆی یاخی لە ژیان و کۆمەڵگە هەر لەسەرەتای منداڵییەوە کە بە هەتیوی ژیانی دەستپێکردووە لە نازی باوک و خێزانەکەی بێ بەش بووە و بە هەژاری و نەداری لە کێڵگەکاندا کاری کردووە تا نانێکی ژیانی دەستکەوێت، تا ئەو قۆناغەی کە بە کارەساتێکی عەبەسیانە بە ڕوودداوی ئۆتۆمبێل لە ساڵی 1960کۆچی دوایی دەکات و ڕۆڵی دایکی لە بەخێو کردنی کامۆ و ئەو هەموو ئێش و ئەشکەنجەی لە پێناو بەدیهێنانی ژیانێکی سادە بۆ کوڕەکەی، ئاماژەیەکی زۆری لە کتێبەکەدا بەرکەوتووە.

گەڕەکی (باب ئەلواد) ئەو گەڕەکە عەرەبنشینەی کە ئەلبێر کامۆ تیا لە دایک بووە، دەنگی عەرەبەکان تێکەڵ بە زمانی ئیتاڵی و ئیسپانی و عیبری دەبێوە و هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکانیش دەستور و بنەماکانیان بەسەر خەڵکی ئەو گەڕەکەوە ڕەنگی دابێوە، کاریگەریەکی زۆری بەسەر دروستکردنی هزر و ڕەوشت و ئادگارە سەرەتاییەکانی ئەو نووسەرە جێهێشتووە.

پاشان دەگاتە سەر ئەو وێستگەیە کە کامۆ تیایدا تووشی نەخۆشی (سیل) دەبێ و ئەوکات گەنجێکی تەمەن 17 ساڵ بووە، لە پاڵ دەردەسەری و هەژاری و بێلانەیش کە کاریگەری خۆیان بەسەریدا هێشتۆتەوە، بەڵام مرۆڤێکی ئازا و جەربەزە دەرکەوتووە، کۆڵی بۆ نەهامەتییەکانی نەداوە، هەمیشە حەزی لە ژیان کردووە و لە پێناو ئازادی و چێژەکانیدا و چانی نەداوە، کامۆ لەگەڵ لاوەکاندا لەگەڵ هاوڕێیەکانی گەرەکەکەیدا یاری تۆپ تۆپێنی دەکرد و چووە ڕێزی تیپی (بلکور) و بۆتە گۆڵپارێزی ئەو تیپە و لە بەهار و هاوینانیشدا ڕووی لە (تیازا) دەکرد بۆ مەلەکردن و چێژ وەرگرتن لە دیمەنە سیحراوییەکانی دەریا، لەو ساتەوەختەشدا کامۆ دەست دەکات بە داڕشتنی نووسینی (ڕۆمانێک) کە زۆر جوان دیمەنەکانی سروشت بەرجەستە دەکات.

میشال ئۆنفری سەبارەت بەو کتێبە دەڵێ: (دەقێکی چارەسەر دۆزەرەوەی زۆر گرنگ و گەورەیە، کاریگەری فەلسەفەی تیادا دەرکەوتووە و زۆر زیرەکانە لە نووسینەکەیدا بەرجەستەی کردووە).

لە چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەیدا ئۆنفری باس لەو پەیوەندیە تووند و تۆڵەی نێوان کامۆ و جان گرونیێ دەکات کە مامۆستای بابەتی فەلسەفە بووە، لەگەڵ کامۆدا ئاڵوگۆڕی زۆرێک لە بیر و هەزر و چەمکی فەلسەفیانەیان پێکەوە کردووە، ئەو مامۆستایە ڕۆڵی گرنگ بووە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کامۆ، چونکە یەکەم کەس بووە توانی داهێنان لە ئەلبێر کامۆ دا دۆزیبێتەوە و ئاڕاستەی کردبێت، لەسەر داواکاری مامۆستاکەشی بووە کە بەرهەمی گەورە نووسەرانی وەک (مۆنتنی) و (باسکال) و (نیتشە)ی خوێندۆتەوە و سیحری وشە و هێزی هزریانی لێ فێر بووە و پاشان توانیویەتی لە ڕێگای تاوتوێکردنی ڕۆشنفکری ئەو بلیمەتانە و چەندانی دیکە، ڕێگایەکی تایبەت بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە تێڕوانینەکانی دەربارەی (چارەنووسی ئادەمیزاد) بخاتە بەرچاو و گفتوگۆ کردن، کە تا ئەمڕۆش کە زیاتر لە نیو سەدە بەسەر مردنی ئەو کەڵە نووسەرە تێدەپەڕێت کەچی تەرحەکانی دەربارەی فەلسەفەی بوون و چارەنووسی مرۆڤ بایەخی خۆیان هەیە.

ڕووبەرێکی فراوانی کتێبەکەی ئۆنفری دابین کراوە بۆ ئەو خۆئامادەکردنێکی سادە و پوچن، بەڵام تێڕوانینە فەلسەفیەکانی ژنە هاوڕێیەکەی (سیمۆن دی بوفوار) زۆر لە هی سارتەر ڕاستتر و کاریگەرتر بوون و قۆناغیان لە ناخی مرۆڤدا هەبوو، کەچی خاوەن شاکاری (غەریب) تا ئەمڕۆش ئەستێرەیەکی گەشاوەی ئاسمانی ئەدەب و فیکری مرۆڤایەتییە و تا ماوەیەکی درێژ هەر بە دەرەوشاوەیی ڕوناکی دەبەخشێ.

شایانی باسە کامۆ ساڵی 1957 نۆبێڵی لە وێژە بەدەست هێناوە، دووەم بچوکترین نووسەرێکە لە مێژووی خەڵاتی نۆبێڵ دا ئەو خەڵاتە وەرگرێت، یەکەم کەسیشە کە تەنها دوای نۆبێڵ بە 3ساڵ و لە تەمەنی 47ساڵیدا دنیای جێهێشتبێت، بەڵام دوای خۆی زیاتر لە 30ڕۆمان و شانۆی خستۆتە بەر دەستی عاشقانی ڕۆمان و فەلسەفە و ڕووناکبیری، کامۆی لەگەڵ پۆڵ سارتەر دا بە دیارترین فەیلەسوفی تەوژمی وجودییەت لە قەڵەم دەدرێت و تا ئەمڕۆش بیر و بۆچوونەکانیان لەو بوارەدا مایەی لێکۆڵینەوە و دەوڵەمەندکردنی هزری مرۆڤایەتین.

یەکێک لەو لایەنانەی بە بایەخەوە ساڵیادی 50ەمین نۆبێڵ بە 3ساڵ و لە تەمەنی 47ساڵیدا دنیای جێهێشتبێت، بەڵام دوای خۆی زیاتر لە 30ڕۆمان و شانۆی خستۆتە بەر دەستی عاشقانی ڕۆمان و فەلسەفە و ڕووناکبیری، کامۆی لەگەڵ پۆڵ سارتەر دا بە دیارترین فەیلەسوفی تەوژمی وجودییەت لە قەڵەم دەدرێت و تا ئەمڕۆش بیر و بۆچوونەکانیان لەو بوارەدا مایەی لێکۆڵینەوە و دەوڵەمەندکردنی هزری مرۆڤایەتین.



فەلسەفەی سیاسی بنیامێن فرانکلین



ئاکۆ عەبدوڵا

خاتوو لۆرین سیس بانگلی مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی جۆن هۆپکنەز، دوای ئەوەی کتێبە سەرنجڕاکێشەکانی (هزرە پەروەردەییەکانی باوکە دامەزرێنەرەکانی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) ی لە ساڵی 1993و (ئارستۆ و فەلسەفەی هاوڕیەتی) لە ساڵی 2003بڵاوکردەوە. ساڵی 2007 لە زانکۆی ناوبراو و دووتوێی 296 لاپەڕەی قەبارە گەورە، کتێبێکی دیکەی بەناوی (فەلسەفەی سیاسی بنیامێن فرانکلین) بڵاوکردەوە، کە تێیدا لەبارەی یەک لە گەورە سیاسەتمەدار و هزرمەندەکان دەدوێت کە بەر لە 200ساڵ ئەمەریکای بنیادناوە، ئەویش بنیامێن فرانکلینە کە ناوبراو ساڵی 1706لە بۆستۆ هاتەدونیا و ساڵی 1790لە ڤیلادلیڤیا کۆچیدواییکرد.

بنیامێن فرانکلین تەنیا سیاسەتمەدار نەبوو بەڵکو یەکێک بوو لە فەیلەسوفە گەورەکانی ڕۆشنگەری ئەمەریکا و ژێر دەسەڵاتی داگیرکەری ئینگلیزی، بەشداری لە بواری زانست و هزر و فەلسەفەشدا کرد. بەو تاقیکردنەوانەش ناوبانگی دەرکرد کە لە بواری فیزیا و وزەی کارەبا ئەنجامیدەدا کە توانی بگات بە چەندان هۆی ڕزگارکردنی ئەمەریکا لە دواتر بەم توێژینەوە و داهێنراوانەش، ناوبانگی گەیشتە ناو ئەوروپا و لەوێشدا ناسرا. هەروەها هاوڕێی گەورە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری ئینگلیزی و فەرەنسیش بوو، بۆیە (دەیڤید هیوم) ی گەورە فەیلەسوفی ئینگلیزی لە ئاستیدا وتی : "بنیامێن فرانکلین یەکەم ئەدیب و هزرمەندی گەورەیە کە ئەمەریکا بەرهەمی هێنابێت".

هەر سەبارەت بەو لەلایەکی دیکەدا دەڵێت : بنیامێن فرانکلین لوتکە بەرزەکانی زانست و فەلسەفەی چاخی ڕۆشنگەری دەنوێنێ. کەواتە مافی ئەوەی هەیە وڵاتێکی نوێ لە ئەمەریکا بنیادبنێ، وڵاتێک کە لەسەر بنەمای عەقڵی فەلسەفی و دژایەتیکردنی کەهەنوتی مەسیحی و دەرەبەگایەتی سیاسی وەستابێت. کەواتە بنیامێن فرانکلین لە هەموو لایەکەوە شکۆدارەبوو. شکۆی زانست و شکۆی فەلسەفە و شکۆی سیاسەت. ئەمانەش زۆر بە دەگمەن بەجارێک لەلای کەسێک کۆدەبنەوە. پێدەچێت بەناوبانگترین کەسایەتی هزری و سیاسی سەردەمی خۆی بێت. ئەمە دەڵێین کەچی سەرەتا زۆر هەژار بوو، بەڵام بەپشت بەستن بە خۆی و بەردەوامبوون لە خەبات و ڕۆڵی گەورەی زانستییانەی، توانی سەرکەوێت و پێبگات.

فرانکلین لەیەک کاتدا مرۆڤێکی نموونەیی و پراگماتیکی بوو. ئەمانەش دوو سیفەتن کە دەبێت لەو هزرمەندانەدا هەبێت، گەر بیانەوێت واقیع بگۆڕن. چونکە هەرگیز هزرمەندێکی تیۆری یاخود سیاسەتمەدارێک ناتوانێ گۆڕان ئەنجامبدات ئەگەر ئاسۆی هەزری یاخود پرۆژەی فەلسەفیانەی ڕوون نەبێت و تواناکانیشی بەیەکەوە نەبێت. ئا لێرەوە گرنگی بنیامێن فرانکلین لە مێژووی ئەمەریکا و دامەزراندنی ژیانی سیاسی ئەمەریکی بەدیاردەکەوێت.


دواتر لۆرین سیس بانگلی لەو بەرهەمەیدا دەنووسێت : لە ڕاستیدا هزری سیاسی بنیامێن فرانکلین هەمان هزری چاخی ڕۆشنگەری بوو، هیچ جیاوازی لەگەڵ هزری جۆن لۆک و ڤۆلتێر و مۆنتیسکیۆ و جان جاک ڕۆسۆ و یدرۆ نەبوو ?چونکە ئەویش بانگەوازی لێبووردەیی ئایین و جیاوازی لە نێوان سێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان و بەڕێوەبردن و دادوەری دەکرد. هەروەها بانگەوازی یەکسانی تەواو لەنێوان هاوڵاتییان دەکرد، بەبێ جیاوازیکردنی ڕەگەزی و نەژادی و ئایینی و ڕێبازی. بێگومان ئەو یەکسانییە ئەوسا لە ڕووی تایبەتبوون بە ڕەشپێستەکانەوە تەواونەبوو کە دواتر ئەوانیشی گرتەوە. ئاشکرایە تۆ ناتوانی هەموو شتێک بەجارێک بکەیت، بەڵکو پێویستە چاوەڕێ بکەیت. تا بارودۆخت بۆ دەڵوێت. هەرچوونێک بێت وڵاتی ئەمەریکای نوێ لەسەر دەستی ئەو و باوکە دامەزرێنەرە گەورەکانی دیکەی وەک جۆرج واشنتۆن و جۆن ئادامز و تۆماس جیفێرسۆن دامەزرا. بەڵام فرانکلین لە ناویاندا تاکە کەس بوو کە بۆی ڕەخسا ((3 بەڵگەنامە واژۆ بکات ئەوانیش بەڵگەنامەی (جاڕی جیابوونەوە لە ئینگلتەرا) و (بەڵگەنامەی ئاشتی) و (بەڵگەنامەی دەستوری ئەمەریکی) بوون، کە ئەمڕۆ ئەمانە بەلای ئەمەریکییەکان بە شتی پیرۆز دادەنرێن.

فرانکلین فەلسەفەی ڕۆشنگەری لە سیاسەت پەیڕەوکرد و کۆماریێکی نوێ دامەزراند کە پێچەوانەی ئەو ڕژێمە دەرەبەگە ئارستۆکراتیانە بێت کە ئەوسا لەک هەر لە ئەمەریکا بەڵکو لەسەرتاسەری ئەورووپا بڵاوبوو. لەسایەی ئەو ڕژێمە نوێیەش هەموو کەس لەبەردەم یاسا وەک یەکی لێهات و دامەزراوە ئەمەریکییەکانیش جیاوازییان لە نێوان گەورە و بچووک، دەوڵەمەند و هەژار و جۆراوجۆری ئایینەکان نەکرد. لە کۆتاییەکانی تەمەنیشدا فرانکلین بوو بە گەورەترین دۆزمنی سیستەمی کۆیلەبازی. ئەو سیستەمەی بەسەر ڕەشپێستەکان پیادە دەکرا. ئەوسا بە پەلە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕاگەیاند، بەڵام بەداخەوە ئەو بانگەوازی وەک مەرەکەب لەسەر کاغەز ماوە .تا لە دوای جەنگی ناوخۆ بەجێگەیانرا.

لە شۆڕێشی دیکەی ئەو کتێبەیدا لۆرین سیس بانگلی دەنووسێت : بنیامێن فرانکلین یەکەم کەسی دیموکراتییە لە وڵایەتە یەکگرتووەکان، چونکە بانگەوازی بۆ یەکسانی لە نێوان هەموو مرۆڤەکان دەکرد. لەگەڵ فەزڵکردنی ئەو کەسانەی کاردەکەن و سود بە کۆمەڵگە دەگەیەنن، بەسەر تەمبەڵ و تەوەزەڵ و بێسوودەکان. بۆ خۆی لە خێزانێکی هەژار هاتبووە دونیا. داوای بنیادنانی قوتابخانەی بۆ هەموو منداڵانی وڵات دەکرد، بە هەژارەکانیشەوە چونکە منداڵانی هەژارەکانیش ئەگەر توانای چونە ناو خوێندن و درێژەدان بە زانکۆیان بۆ بلوێت، کەسانی بلیمەتیان لێدەردەچێت. بەر لە مردنیشی ڕایگەیاند هەموو سامانە زۆرەکەی بەسەر نەخۆشخانە و قوتابخانەکان دابەشبکرێت نەک بێتە میرات بۆ خێزانەکەی، ئەوسا ئەو وتە بەناوبانگەی وت : "کە هاتمە دونیا هیچ سامانێک لە گەڵمدا نەبوو، تەنانەت فلسێکیش، بەڵام ئەوە ڕێگای سەرکەوتن لە ژیانی پێنەگرتم، کەواتە لەسەر منداڵ و نەوەکانیشم پێویستە وەک من بکەن، خۆیان سامان بۆ خۆیان پێکبهێنن".

بە کورتی فەلسەفەی سیاسیی بنیامێن فرانکلین لەو وشەیە چڕ دەبێتەوە (خزمەتگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی)... ئەوەش هەموو هیوا و مەبەستی بوو لە ژیان. ئەو دەیویست گۆمەڵگەیەکی ئەمەریکی سەرکەوتوو و دەوڵەمەند و گەش داهەزرێنێ کە بەراستیش دوای تێکۆشانی کەسانی دیکەی دامەزرێنەر، لە نەتەوەی ئەمەریکی هاتەدی. لەبەر ئەوەشە ئەمەریکا لە چاو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان سەرکەتووترە، تەنانەت بە سەر ئەوروپاش کەوتەوە.

لۆرین سیس بانگلی بەوجۆرە کۆتایی بهو کتێبەی دەهێنێ کە دەنووسێت : بەڵێ ئەو کۆمەڵگەیەی باوکە دامەزرێنەرە گەورەکان لەسەر ئازادی و دیموکراتی و لێبووردنی ئایینی بنیادیاننا، هەڵی بۆ هەموو کەسێک ڕەخساند لە ژیانیدا سەرکەوتوویێت. زۆربەی کۆمەڵگە دینامیکییەکانی جیهانیش لەسەر ئەو بەهایانە وەستاوە بۆیە ئەمەریکا بۆتە پێشەنگ و زانکۆکانیشی دەستەیەکی هەڵبژێردراوی بلیمەتانی جیهانیان گرتۆتەخۆیان، کەواتە نامۆ نییە لە زۆربەی کاتدا خەڵاتی نۆبێڵ بە زانا ئەمەریکییەکان ببەخشرێت.



www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/7/11 ژمارە (5787)

تانلی ویلز: شکسپیر بۆ ئەوە هاتۆتە سەر دنیا تا ئەبەد تێیدا بمینێتەوە



حەیدەر عەبدولڕەحمان

لەو ماوەیەداو بەبۆنەی 100ساڵەی مالّئاوایی کردنی، کتێبێکی تر لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەربارەی شکسپیری مەزن بلاّو کرایەوە، لە گەلّ ئەو بلاّو کراوە نوێیەدا زۆر کەس هەن دەپرسن تۆ بلێ ی تا ئێستاکەش دوای زێتر لە 400 ساڵ لە مالّئاوایی کردنی، شتێ مابێ دەربارەی ئەو پیاوەو بەرهەمەکانی نەگوترابێت، بەڵێ ئەو کتێبەی نووسەری ناسراوی بەریتانی (ستانلی ویلز) ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤایەتی تا ئێستاکەش شتی نوێ لە شاکارەکانی ئەو شانۆ نووس و شاعیرە گەورەیەی جیهان هەڵدێنجێ کە خەڵکی تا ئێستاش نەیزانیووە.

ئەو کتێبە تازەیەی ستانلی ویلز 125لاپەڕەیە و لە قەوارەدا بچووکە، بەڵام لە ناوەرۆکدا وەک ڕەخنەگران دەڵێن کتێبێکی گەورەیە، نووسەری کتێبەکە (ستانلی ویلز) یەکێکە لە گەورەترین ئەو نووسەرە جیهانیانەی ناویان بە شکسپیرەوە لکاوە و مامۆستای زانکۆی (بەرمنگهام)ی بەریتانی و بەڕێوەبەری شانۆی پادشایبیە، چەندین بەرهەمی دەربارەی شکسپیر بلاّوکردۆتەوە، لەوانەش کتێبی (شکسپیر بۆ هەموو سەردەمەکان 2002) (شکسپیرو هاوبەشەکانی) 2006 شکسپیرو سیکس و خۆشەویستی 2010 (ئەکتەرە بلیمەکانی شکسپیر 2015)

ئەو کتێبە تازەیەشی هەشت بەشە کە پێشەکیەکی بۆ نووسیووە بە ناوی (بۆ شکسپیر) و تێیدا ئاماژە بەو پەیوەندییە بنەڕەتیەی نێوان بەرهەمەکانی شکسپیر بە سەردەمەکانەوە دەکات و دەڵێت : هەرکات ئێمە دەرگامان لە ڕووی بەرهەمەکانی شکسپیر داخست، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئێمە خۆمان لە دەسکەوتێکی گەورە لە بەها زەهنی و ڕۆحیەکانی ئەو بەرهەمانە بێبەش دەکەین.

ستانلی ویلز ـ لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی دا باس لەشکسپیرو ستراتفۆرد ـ ی شوێنی لە دایک بوونی دەکات و لە کاریگەرییەکانی ئەو گوندەی شوێنی لە دایک بوونی ئەو پیاوە مەزنە دەدوێت کە چەند کاریگەری هەبووە لەسەر دروست کردنی کەسایەتی شکسپیر ، پاشان فۆکس دەخاتە سەر زۆر نهێنی، لە سەر نەشو نووما بوونی بەهرەکانی شکسپیر، کە چۆن ئەو ژینگەیە بۆتە هۆکار بۆ دروست بوونی بەهرە جیا جیاکانی شکسپیر، هەر لە بواری فێر بوونەوە تا کاریگەرییە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە لەسەر دروست بوونی کەسایەتیەکەی، بە تایبەت لە ڕووی فێر بوونی زمانی لاتینی و یۆنانی، ئەو زانیاریانەی لەو سەردەمەی مندالّیدا فێری بووە چۆن لە ئایندەدا لە شانۆگەری و قەسیدەو سۆناتاکانی ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتا لە شانۆگەری (جیمسی یەکەم) دا سوودی لە لایەنی تەلارسازی شانۆیی یۆنانی وەرگرتووە، لەو شێوە تەلارسازییەی شانۆدا شانۆ شێوەیەکی بازنەیی سێ نهۆمی بووە، جلوبەرگ و موزیک و ئیکسسواراتی شانۆیی جێگەی بایەخی ئەو کاتەی شانۆ بووە، بەڵام بە داخەوە هیچ لە سۆناتاکانی شکسپیر بەجێ نەماوە .

لە بەشی دووەمدا نووسەر دەپرژێتە سەر (شانۆ لە سەردەمی شکسپیردا)و باس لە فۆرم و شێوازەکانی شانۆدا دەکا لە سەردەمی شازن ئەلیزابیسی یەکەم و شا جیمس ـ ی یەکەم ، نرخی چوونە ژوورەوە بۆ هۆڵی شانۆیی لە تەنیا بەنسێک تێنەپەڕیوە بۆ ئەوانەی بە پێوە دەوەستن و دوو بەنسیش بۆ ئەوانەی لە سەر کورسی دادەنیشن ، هەروەها نووسەر باس لەوە دەکات کە لە سەردەمی شکسپیردا جگە لە تەلارسازی بایەخێکی زۆر بە جلو بەرگ و ئیکسسواراتی شانۆ دراوە، وێڕای بەکار هێنانی چەندین ئامێری موزیکی هاوشان لەگەڵ بەڕێوەچوونی ڕووداوەکان، لەوانەش تەپڵ و کەمان و بوق، بەڵام هیچ لە نۆتەی ئەو موزیکانە بەجێ نەماوە بۆ ئەوەی شتێ لە میلۆدی ئەو موزیکانە تێ بگەین کە لەو شانۆگەریانەدا بکار هاتوون .

لە بەشی سێیەمدا (شکسپیر لە لەندەن) نووسەر تیشک دەخاتە سەر لایەنی نووسینی شانۆگەریەکان و ئەکتەری شکسپیرو و پەیوەندییەکانی شکسپیر لەگەڵ تیپە شانۆییەکانی ئەو سەردەمەی لەندەن و نووسەرو شانۆکارەکانی ئەو کاتە، هەروەها سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆشکی پاشایەتی .

هەروەها ویلز باس لە سۆناتاکانی ئەو کاتەی شکسپیر دەکات (سۆناتا قەسیدەیەک بووە کە لە چوارده بەیت پێک هاتووە، وەک ئەو سۆناتانەی لە هاملیت و ئۆتیل و ماکبێس و لیر پاشادا هاتوون.

یەکەم چاپی شاکارەکانی شکسپیر لە ساڵی 1623 دەرچووە، ئەو شاکارانەش دابەشی سەر سێ لایەنی سەرەکی کراون ،یەکەمیان : شانۆگەرییە مێژوویەکانن و نووسەر چەند نموونەیەکی لەو بەرهەمانەی شکسپیر بە نموونە هێناوەتەوە کە شکسپیر سەرچاوەی نووسینیانی لە مێژوودا وەرگرتووە، بە تایبەت کتێبە مێژوو پیەکەی نووسەری ناسراوی بەریتانی رافاییل هولینشد، بە ناوی (تۆمارە مێژوویەکان) لە چەشنی شانۆگەریەکانی هاملیت و ئۆتیل و ماکبیس و لیر پاشا .

لەو بەشەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر لایەنی کێشە سیاسییەکان و ڕەوتی کارکردنی پاشاو پەیوەندی لە گەڵ گەلەکەی و پرسی یەرژەوەندییە گشتی و تایبەتیەکانی نێو کۆمەڵگای ئەو کاتەو ئەو کێشەو ئاریشانەی لە ئەنجامی لێک دابڕانی نەتەوەکان و تایفەکان دینە دی و کاریگەرییان لە سەر لێکتر دابڕانی نێو خێزانی ئەو کۆمەڵگایانە، هەر یەکەو بە ئاراستەیەکی جودا، دابڕان لە نێو خێزانی ئاسایی تا دەگاتە دابڕان لە نێو چینی پاشایەتی و کۆشکی پاشایەتی .

ئەوەتا شکسپیر لە شانۆیی (ڕیتشاردی سێیەم) سوودی لە کتێبەکەی تۆماس مۆر (مێژووی ڕتشارد شای سێیەم) وەرگرتووە، وێڕای کتێبەکانی تری هولینشدەی مێژوو نووس و ئەدوارد هۆل خاوەنی کتێبی (یەکگرتنەوەی دوو خێزانی نەجیب زادەی ناودار لانکاسترو یۆرک)

هەروەها شکسپیر زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری نووسینەکانی شانۆ نووسی ڕۆمانی سنیکا ـ لە سەدەی یەکەمی پێش لە دایک بوون، کە نووسینەکانی پڕیەتی لە تارمایی و دیمەنی تووندو تیژی، بەڵام شکسپیر هەوڵی ئەوەی داوە مۆرکی تایبەتی خۆی بخاتە نێو ئەو شانۆگەریانەو زمانێکی شانۆیی دەوڵەمەندی بۆ هونینەوەی ڕووداوەکان بە کار هێناوە .

هەروەها شکسپیر لە هەوڵی دڵدارەکان بە با چوو 1594. 1595زێتر پشتی بە خەیاڵی تایبەتی خۆی بەستووە ، بەڵام سوودی لە سەرچاوەی دیکەش وەرگرتووە، ئەوەتا پاشا ناڤار لە گەڵ سێ لە پیاوانی کۆشکی خۆی بایرۆن و لونجفیل و دومین پەیمان دەبەستێت کە واز لە کەیف و سەفای دنیا بهێنن و پەیوەندی لە گەڵ هیچ ئافرەتێک نەبەستن و بۆ ماوەی سێ ساڵان تەنیا خۆیان سەرقاڵی خوێندن بکەن، ئەم بڕیارەیان دا بێ ئەوەی بیر لە هاتنی شازادەی فرەنسا بۆ ولاّتەکەیان بکەنەوە، کە خۆی و سێ لە کچە دەست و پێوەندەکانی ڕۆزالین و ماریا و کاترینی لە گەڵدا دەبێت، هەریەک لەوان لە کاتی هاتنی ئەو کچانە پەیوەندی نهێنی لە گەڵ یەکێ لەوانەدا دەبەستێت بێ ئەوەی یەکێکییان ئاگای لەوی تریان بێت.

شکسپیر گەمەی ئەو سێ پیاوانەی خستۆتە نێوچوارچیوەیەکی کۆمێدی بە چێژ کە بینەر بە ڕوداوەکانی سەرسام بێت .

هەروەها شانۆگەری تیتۆس ئەندرۆنیکۆس 1592بە هەمان شێوە فۆرمێکی کۆمیدی سووک بە خۆیەوە هەڵدەگرێت ، کە وەک دەڵێن شکسپیر ئەم شانۆگەریەی بە هاوبەشی لە گەڵ (جۆرج بیل) ی هاوڕێ ی نووسیووە و ڕووداوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی چواری پێش لە دایک بوون، کە زۆرینەی ڕووداوەکانی ئەفسانەیین، کاریگەری زۆری شانۆگەریەکەی نووسەری ڕۆمانی ئۆفید (لەناوچونی بوونەوەرەکانی) بە سەرەوەیە، لە ڕووی کرۆکی شانۆگەریەکەو شێوازەکەی، شانۆگەریەکە لە کاتی نمایش کردنی دا سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا .

ستانلی ویلز لە ئەنجامی کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت : نووسینەکانی شکسپیر بە درێژایی هەموو سەردەمەکان سنووری هوشیاریی مرۆڤایەتی تێپەڕاندووە، ئەو شاکارانە بۆیان هەیە پانتاییەکی زۆر لە خەیاڵی ئێمە داگیر بکەن، بۆ تێگەیشتن لە خود و هەژاندنی دەروونمان ،پڕیەتی لە نموونەی جۆراو جۆر لە خۆزگەو ئاوات و بە خیلی پێ بردن و نەفرەت کردن و دۆستایەتی و سۆزو خۆشەویستی، بۆی هەیە ئەو شاکارانە زۆر لە کاتەکانماڵ پر کەن لە خۆشی، یانیش بەن بە فاکتەر بۆ فرمێسک ڕشتن، بە کورتی شکسپیر بۆ ئەوە هاتە سەر دنیا کە تا ئەبەد لێی بمێنتەوەو بە جێی نەهێڵێ.

شیکردنەوەیەک لەسەر فەلسەفەی شیکاریانە



ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

بۆیە دەکرێ بگوترێ هەرچەند، کە سەرەتای ئەم قۆناغە بە ڕێکارەکانی میتافیزیایی ئاشکراو شاراوە و هەروەها هۆگری بۆ دروستکردنی لۆژیکێکی نوێ و دڵەڕاوکێی سەرەتایی زمانناسی هاوڕێ بوو. بەڵام هەرچی، لە دروستبوونی ئەو تێدەپەڕی، ڕوانگەی ئەزموونگەرایانە و کرداری زیاتر زاڵتر دەبوو، قۆناغی ڕەسەنایەتی ڕوانگەی زمان: قیێنگنشتاین بە هۆی گرتنەبەری دوو جۆرە هەڵوێستی گشتگیر لە بەرامبەر گۆتاری زمان، دەکرێ وەکو زنجیرەی نێوان و هۆکاری قۆناغە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەی شیکاریانە دابندرێ. گۆڕینی ڕوانگە لە باوەڕ بۆ زمانی وێنا و ئایدیا و لۆژیک لەسەر پێکهاتە و سنوورەکانی واقعیەت لە قۆناغی یەکەمی ئەندێشەکەیدا، تا گرتنەبەری هەڵوێستی کردەگەرێتی و باوەڕ بە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانە لە چوارچێوەی بۆچوونی گەمە زمانییەکان لە "توێژینەوەکانی فەلسەفی" و قبوڵکردنی زمان وەکو ئامێر لە جیاتی وێناگەریژ گۆڕانکاریەک بوو، لە دەرەوەی دەق و پەراوێز ژ کە پێگەیەکی وەهای بۆ ئەو بەدیهێنا.



وەلانانی لۆژیکگەرایی و دووڕکەوتنەوە لە زمانی وێنا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیۆری وەسفکردنی ڕاسل، لە تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغەیە. لە فەیلەسوفانی ئاکسفۆرد: ڕایل، ئاستین، ئەستراوسون و گرایس، وەکو فەیلەسوفانی شیکردنەوەی زمان و هەروەها وەکو شیکەردەوەکانی ویتگنشتاین یاد دەکرێ.

قۆناغی ڕەسەنایەتی ڕوانگەی کردەگەریتی: سەرەتای ئەم قۆناغە بە بەرهەمەکانی کواین دەستی پێکرد: یەکەم، ڕاگەیاندنی بەس نەبوونی قۆناغی یەکەمی فەلسەفەی شیکاریانە و دووەم ڕەخنەگرتن لە قۆناغی دووەمی ئەو، کورتەی ڕەخنەکانی ئەو لەسەر ئەم قۆناغە، وەلانانی جیایی نێوان شیکردنەوە ژ پێکهێنان لە پێشهاتەکانە، کە لە لایب نیتس، هیوم و کانت دەستیپێکرد بوو و درەوشانەوەی ئەو لە مشتومڕەکانی لەگەڵ کارناپ لەسەر ڕاستی شیکاریانە دەکرێ ببیندرێ. عەیبی سەرەکی کواین لە کارناپ، لەبەرچاو نەگرتنی ڕوخساری کرداری و ئەزموونییە لە شیکردنەوەی ڕاستی پێشهاتەکانی شیکاریانەیە و یاساکانی ڕێزمانی و زمانناسی هەرچەند لە شیکردنەوە پێویستن، بەڵام بەس نینە. بیرۆکەی سەرەکی کواین "گشتگەراییە" کە بە پێی ئەو پێنج خاڵی وەرچەرخان بو ڕەوتی ئەزموونگەرایی لە لاک تا سەردەمی خۆی ناو بردووە، کە بە پێی ئەو، دۆزینەوەی تۆرێک لە واتاکان لە دەڤێک، لە جیاتی لێکدانەوەی بەش بە بەش و پێشهاتە بە پێشهاتە بۆ سەماندنی ڕاستی ڕستەکان پێشنیار دەکات. دونالد دیویدسن، فەیلەسوفی بە توانای ڕوانگەی کردەگەرێتی لۆژیکییە، دەکرێ دیویدسن لە لایەکەوە بە شیکەردەوە و پەیرەوی کواین دابنێین و لە لایەکی دیکەشەوە ڕەخنەگری ئەو. دەرهێنانی واتا لەڕاستی، قبوڵکردنی شێوەیەک لە واتای عەقڵانیەتی پێشنەکەوتوو، باوەڕ بە سیانەی بابەت ژ مژار ژ شیکەر لە شیکردنەوەدا، جیاکردنەوەی گومانی گشتی لە گومانی ڕێژەیی، باوەڕ بە یەکێتی گەرایی لە فەلسەفەی زەین لە تایبەتمەندیە گشتییەکانی ئەندێشەی ئەوە.

قۆناغی بان شیکاریانە: لە شیکردنەوەی گوتاری ئەندێشەی ڕیچارد ڕۆرتی ژ وەکو هزرمەندی چارەنوسسازی ئەم قۆناغە ژ ڕووبەڕووی کەسایەتی زۆری وەکو فۆکۆ، هایدگەر، دریدا و جان دیوی دەبینەوە، کە شیکەردەوە نەبوون. بە واتایەکی دیکە و بە لەبەرچاوگرتنی تەوەردەکە، دەکرێ زاراوەی وەکو: پراگماتیزم، ئیگزیستانسیالیزم و پۆست مۆدێرنیزم لای فەلسەفەی شیکاریانە، وەکو: پێکهاتە و بەش و ڕاستکەردەوەی ئەندێشەی ڕۆرتی یاد بکرێت. هەروەها ڕورتی یەکێک لە کەسایەتیەکانی بەرچاوی بان فەلسەفەیە لە ئەندێشەی فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوا، کە بەو پێیە، فەلسەفە دەبێ بەرگری لە تەواوی چیبەتی و شەرعیەتی خۆی بکات تا بوونی خۆی بپارێزێ، کە ئەم کارە، فەلسەفە لە کاردانەوەترین و پارێزگارترین بارودۆخی گونجاو بەدرێژایی مێژووی ژیانی دادەنێ.

وەلانانی بیرۆکەی نیشاندانەوە بە هەموو ڕەهەندەکانی، هەڵوێستەوەرگرتن و کردارگەرێتی لە مەعریفەناسی، زیاتر لەبەرەکەپچڕانی مێژوویی بابەت ژ مژاری دیکارت، وەلانانی پێکهاتەی زمان بەپێی دیویدسن، گەڕانەوە بۆ نەریتی کێشوەری بۆ نوێکردنەوەی کرداری، بازدان بەسەر فەلسەفە بۆ فەرهەنگ و سیاسەت و باوەڕ بە فەلسەفەی "پاککردنەوە و فێرکردن" لە جیاتی فەلسەفەی شێوازمەند، لە تایبەتمەندیەکانی ئەندێشەی ڕۆرتی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەندێشەکەیەتی.

ئەم قۆناغە بەجۆرێک دەکرێ، بارودۆخی بەرامبەر نەریتی شیکاریانە دابندرێ، کە لە ناخی ئەو ڕەوتە دروستبووە و بەرەو بارودۆخی داهاتوی دەبات، لە کاتێکدا، کە کۆتایی ئەو ڕادەگەیەنێ. لەلایەکی دیکەوە دەستپێکەری بەشێکی نوێ لە مێژووی فەلسەفەی هاوچەرخە. بەشێک کە بواری پێکەوە بەستنەوە، گفتوگۆ، وەرچەرخان و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕەوتە نەیارەکانی هەیە و لەلایەکی دیکەوە شوێنی ڕاستەقینەی فەلسەفەی شیکاریانە لە فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوا دیاریدەکات.

ژیان و سوار چاکی

فاخر عالی خان ئاوەدلی

مردن و ژین لە لای خوایە
دێین و دەچین بە لایە و نایە
ڕۆژێ لای لایە، ڕۆژێک هەڵایە
ڕۆژێک چاو سرین، ڕۆژێ زوڕنایە
گۆتن بێژی بێ پەریزی
دڵڕەشاوی ڕووی سپڵی
چاوەبازی حیلکە و فێڵی
پەتی کورتە جیرەی ڕێوی
بێ باک بە لە کار پاکی
هەتا دەمری هەر سوار چاکی



لە هەولێر یاری گۆڕەپان و مەیدان بەتەواوی فەرامۆش کراوە



سەرهەنگ نەجمەدین

هەر کاتێک باسی یارییە تاکەکان بکەین ئەوا شاری هەولێر پێشبڕکێتی هەمـوو شارەکـانی عێراقی دەکرد لەیارییە جیاجیاکاندا، سەردەمانێک واتە پێنج تا شەش ساڵ لەمەو بە هەر پاڵەوانیەتیەکی گۆڕەپان ومەیدان لەکوردستان ئەنجام بدرابوایە، ئەوا یاریزانانی هەولێر لەسەر هەردوو ئاستی کوڕان و کچاندا لەپلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمدا دەبیندران، بەڵام بەداخەوە ماوەی چەند ساڵێکە ئەو یارییە لەشاری هەولێر بەیەکجاری فەرامۆش کرا، یانەکانی شاری هەولێر بەهۆی یارییە بەکۆمەڵەکان یارییە تاکەکانیان بیرنەماوە، بەتایبەتی یاری تۆپی پێی هەموو یارییەکانی دیکەی هەڵچنیووە، ناکرێ لەشارێکی وەک هەولێری پایتەختی کوردستان یاری گۆڕەپان ومەیدانی هیچ بوونی نەبێت، بەداخەوە یانەکان هەموو کات ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەخولەکانی تۆپی پێ لەسەر هەموو ئاستەکان دەردەبڕن ، بەڵام هیچ یانەیەک لەیانەکانی شاری هەولێر توانای ئەوەی نییە لەم شارە گەورەو فراوانەدا تیپی گۆڕەپان ومەیدان دابمەزرێنێت و بەشداری لەپاڵەوانیەتیەکان بکات، جێی داخە شارێکی گەورەی وەک هەولێر بەدەست نەبوونی ئەو یارییە بنالێنێت، سەردەمانێک یانەکانی شاری هەولێر لەسەر هەردوو ئاستی کوڕان وکچاندا یاریزانیان بەهەڵبژاردەی عێراق دەدا بۆ بەشداری کردن لەپاڵەوانیەتیەکانی دەرەوەی وڵات، بەڵام کوا ئەو هەموو یاریزانە چیان لێهات، کێ لەوون بوونی ئەو هەموو یاریزانانە بەرپرسیارە، ناکرێت بڵێن خەتای یەکێتی ناوەندی گۆڕەپان ومەیدانی کوردستانە ، چونکە یانەکان ئەو یارییەیان فەرامۆش کردووە نەک یەکێتی گۆڕەپان ومەیدانی کوردستان، ئەگەرچی کەسی شارەزا و خاوەن ئەزموون لەیەکێتی گۆڕەپان ومەیدانی کوردستان هەن بۆ بەرێوەبردنی کارەکان ، بەڵام ئەوانیش بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی پارەیەکی پێویست لەژێر دەستیاندا نەیانتوانیوە بۆ هیچ پالەوانیەتیەک ئەنجام بدەن ، لەبەرانبەردا بەپێچەوانەی شاری هەولێر، شاری سلێمانی زۆرترین یاریزانی کوڕ و کچی لەئامێز دەگرێت، ئەو یارییە لەم شارەدا رۆژ لەدوای رۆژ لە هەڵسان و بۆژاندنەوەدایە ، نموونەی زیندوش لەهەر پالەوانیەتیەکی یانەکانی کوردستان یانەکانی شاری سلێمانی پشکی گەورەیان لەدەستەبەرکردنی ئەنجامە بەرزەکان دەست دەکەوێت و بگرە ئەوان لەسەر هەموو ئاستەکان پلەی بەرز تۆمار دەکەن، خوازیارم یانەکانی شاری هەولێر بیر لەدامەزراندنی ئەو یارییە بکەن، ئیتر بەسە هەموو بیر و هیز وتوانامان بخەینە سەر یارییە بەکۆمەڵەکان بەتایبەتی یاری تۆپی پێ.

لەخولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستاندا:

هەولێر لە دهۆکی بردەوە و چوار یاریش بەیەکسان بوون کۆتایی هات

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەرشیفی هەولێری

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، رۆژی 7/7/2019 کاروانی خولی تازەپێگەیشتووانی تۆپی پێی کوردستان لەسەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستان سەرکەوتووانە بەرێوچوو، لەیەکەمین یاریشدا لەیاریگای یانەی وەرزشی دهۆک ، هەردوو تیپی تازەپێگەیشتووانی دهۆک وهەولێر لەیارییەکی بەهێزدا بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا تیپی تازەپێگەیشتوانی هەولێر توانی بەئەنجامی 2-1گۆڵ لەتیپی دهۆک ببات،وە، بەم سەرکەوتنە ت.هەولێر بەکۆکردنەوەی 6خاڵ لەپلەی یەکەمی رێزبەندی خولەکەدا جێگیر بووە،لەبەرانبەردا ت.دهۆک بەکۆکردنەوەی 1خاڵ لەپلەی دەیەمی رێزبەندی خولەکدا دەبیندرێت، لەیاری دووەمدا هەردوو تیپی تازەپێگەیشتوانی برایەتی وزاخۆ ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لەئەنجامدا هەردوولا بەتاکە گۆڵێک یەکسان بوون و هەر یەکەو بەخاڵێکی یاریەکە رازی بوون، بەهەمان شێوە هەردوو تیپی ت،جیهان و ت،رزگاری بەدوو گۆڵ یەکسانبوون و هەردوو تیپ خاڵێکی یاریەکەی بەرکەوت، لەیاریەکی دیکەدا ت،زانکۆی جیهان بووە میوانی ت،سیروانی نوێ یاریەکە بەدوو گۆڵ بۆ هەردوولا بەیەکسانبوون بەکۆتایی هات و هەردوو تیپ تەنها یەک خاڵیان وەرگرت، لەیاریەکی دیکەدا ت، دەربەندیخان پێشوازی لەتازەپێگەیشتوانی پێشمەرگەی سلێمانی کرد، یاریەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەتاکە گۆڵێک بەکۆتایی هات ، تازەپێگەیشتوانی ئاراراتیش لەدووری یاریگای خۆیدا بەت،ئاشتی بەئەنجامی 3-2 گۆڵ دۆڕا، بەمشێوەیە گەڕی دووەمی خولی نایابی تازەپێگەیشتوانی کوردستان سەرکەوتووانە بەکۆتایی هات و تیپی تازەپێگەیشتوانی هەولێر بەکۆکردنەوەی 6خاڵ پێشەنگی یانەکانی بەشایستەیی گرتووە، هەر یەک لەیانەکانی زاخۆ و سیروانی نوێ و رزگاری بەکۆکردنەوەی 4خاڵ بەجیاوازی گۆڵ لەپلەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمدان، تیپی ت.پێشمەرگەی هەولێر لەدواهەمین رێزبەندی خولەدا بەبێ خاڵ جێگیر بووە.

رێزبەندی خولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستان لەپلەی یەکەم تا پلەی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت:

1- هەولێر 6خاڵ 2- زاخۆ 4خاڵ 3- سیروانی نوێ 4 خاڵ 4- رزگاری 4خاڵ 5- پێشمەرگەی سلێمانی 4خاڵ



وێنەکانی ڤانتۆریا و ئەلبا دەنگۆی لێدەکەوێتەوە

ڕۆماریا ڤانتۆریا خێزانی جۆردی ئەلبای یاریزانی بەرشلۆنە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی چەند وێنەیەکی خۆی و ئەلبای لەسەر کەناری دەریا بڵاوکردۆتەوە کە وەک هەر خێزانێکی دیکەی یاریزانان گەشتی هاوینەیان بۆ وڵاتان ئەنجام داوە.

وینەکانی ئەمان بەشێوەیەک بوون کە بووە مایەی سەرنجی میدیاکان و لە زۆر دەزگای راگەیاندنی وەرزشی بڵاوکراونەتەوە و قسەی زۆری هەڵگرتوون، ڤانتۆریا کاتێک وێنەکانی بڵاوکردیتەوە تەنها لەژێرەوە نوسیویەتی(خۆشم دەوێی) کە مەبەستی جۆردی ئەلبایە.

ریال مەدرید لەپێشەوەی یانەکان دێت



سایتی ترانسفێر مارکێتی بەناوبانگ ریزبەندی 10 دەوڵەمەندترین یانەی لە جیهان راگەیاند، ئەوەی سەیربێت لەو ریزبەندییەدا ئەوەیە کە یانەی بەرشلۆنە لەپلەی سێیەمی دەوڵەمندەکانی جیهان دیت، دوای ریال مەدرید و مانچستەر سیتی و یانەی لیڤەرپولی پاڵەوانی ئەوروپاش لەپلەی چوارەم دێت و لە پلەی پێنجەمیش یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدە.

سایتەکە ئەوەشی ئاشکراکردووە کە ئەوریزبەندییە جیگیر نابێت و بە ئەنجامدانی بۆنەکانی هاوینە، گۆڕانکاری لە ریزبەندییەکەدا روودەدات.

پاڵەوانی ئەوروپا لەدیمانەیەکدا بۆ خەبات

دیلانا: شانازی بە بەدەستهێنانی میدالیای زێڕ دەکەم لە پاڵەوانێتی جیهان بۆ تەمەنەکان



دیانە: هاوار موڕتکەیی

دیلانا ئیڤانۆڤای بولگاری Dilyana Iv-anovaتەمەنی 12ساڵەو خاوەن پۆلینێکی بەرزی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، ئەو شەترەنجی زۆر خۆش دەوێت و لەسەر ئاستی بولگاریا و ئەوروپا و تەنانەت جیهانیش ئەنجامی هەیە و دوارۆژێکی گەش چاوەڕوانی دەکات، دیلانا لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات تیشک دەخاتە سەر 7ساڵ تەمەنی وەرزشی و ئەسکەوتەکانی کە لەم ماوە کورتەدا بەدەستی هێناون.

پاڵەوانی بولگاریا


دیلانا ئیڤانۆڤا کە لە ساڵی 2007لە شاری ڕوزی بولگاری لەدایک بووە گوتی: لەبیرمە ئەوکاتەی تەمەن 5ساڵان بوو، بابا نوئێل شەترەنجیکی بۆ ناردمە ماڵەوە، لەکاتێکدا کەسمان یاریمان نەدەزانی لەبەر گرنگی دیاریەکە زۆر حەزم دەکرد فێری شەترەنج بم، هەرچۆنێک بێت فێر بووم و باوکم یارمەتیدام لە بەشداریکردنی پاڵەوانێتییەکانی شەترەنج چ لەناوەوە و چ لەدەرەوەی بولگاریا، یەکەمین بەشداری ناوخۆم لە ساڵی 2013و لەئاستی دەرەوەش ساڵی 2013لە ئۆکرانیابوو، بەڵام کاتێک تەمەنم بووە 10 ساڵان بوومە پاڵەوان لەسەر ئاستی بولگاریا بۆ خوار 10ساڵی لە ساڵی 2017، هەروەها 2019کە لە یاری کلاسیک و خێرا.

پاڵەوانی جیهان

دواتر دیلانای کچە شەترەنجزانی بولگاری و خاوەنی ریتینگی نێودەوڵەتی 1800گوتی: لەسەر ئاستی ئەوروپا توانیومە چەند ئەنجامیکی باش بەدەست بهێنم، لەوانە پلەی دووەمی پاڵەوانێتی قوتابخانەکانی ئەوروپای 2016?پلەی یەکەمی پاڵەوانێتی یەکێتی ئەوروپای 2017?لەسەر ئاستی جیهانیش لە ساڵی 2015لە پاڵەوانێتی شەترەنجی جیهان بۆ تەمەنەکان پلەی سێیەمم بەدەستهێنا، ئێستاش بەردەوامم و بەردەوامیش دەبم تا خەونەکانم دێنەدی، چونکە شەترەنجم زۆر خۆش دەوێت، شەترەنج لای من بریتییە لە گەشت، هاوڕێیەتی، سۆز، گەشەکردنی میشک و پێشخستنی تواناکانی مرۆڤ، پێویستە ئەوەش بگوترێت شەترەنج کۆشش و جێی بایەخە و لەم یارییەدا کەس حەزناکات بدۆڕێت.



پاریس سان جێرمان: بەو مەرجە رازین نایمار بڕوات کە پارەی تەواو بدەن



لیژناردۆی بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی پاریس سان جێرمای فەڕەنسی ئاشکرای کرد کە ئەوان ڕێگە نادەن بەڕۆیشتنی نایمار تەنها لە حالەتێکدا ئەگەر ئەو یانەیە پارەی پێویست بداتن.

لیژناردۆ دەڵێت: نایمار دەتوانێت یانەی پاریس سان جێرمان جێبهێڵێت، ئەگەر هاتوو ئەو پارەیەی دەدرێت گونجاو بێت، هیشتا بەفەرمی دیار نەبووە کێ نامیاری دەکڕێت، بەڵام مەرجی ئێمە ئەوەیە ریگا نادەین بەرۆیشتنی نایمار تەنها ئەگەر ئەو پارەیەی ئێمە داوای دەکەین بیدەن، هەروەها گوتی: ئێمە پشت بەو یاریزانانە دەبەستین کە دەیانەوێت لە یانەکە بمێننەوە، ئەوانەمان ناوێت کە بەئێمە ڕازی نین.

مۆرینهۆ گێڕانەوەیەک لەگەڵ بالۆتێلی

چیرۆکە سەرنج ڕاکێشەکانی نێوان "مۆرینهۆ" و "بالۆتێلی" زۆرە، یەکێ لە سەرنج ڕاکێشترین چیرۆکەکانیش ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیەیە.

مۆرینهۆ دەڵێت: پەیوەندیم بە بالۆتێلیەوە کرد پێم گوت سبەی کاتژمێر 2ی دوای نیوەڕۆ دەمەوێ بتبینم چەند شتێک هەیە پێویستە لەگەڵت باسی بکەم، بۆ بەیانی لە کاتی خۆی بالۆتێلی نەهات، منیش تێڵم بۆی کرد وتم بۆچی نەهاتی؟

بالۆتێلیش گوتی: تەلەفۆنەکە دابخە فۆرمولاوەن هەیە.


مۆرینهۆ دەڵێت بەیانی بالۆتێلیم ببینی پێم وت فۆرمولا وەن لەمن گرینگترە؟

بالۆتێلی گوتی: ناوەللا فۆرمولاوەن یەکجارە، بەڵام هەموو ڕۆژ تۆ دەبینم"

هاوکار کەلهوڕی



چاوەڕوانی شەڕی نێوان مێسی و ئارسەر بن



ئارسەری ئەستێرەی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی بەرشلۆنە بە لێدوانەکانی دژی لیۆ مێسی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لەبارەی کوپا ئەمریکا هەموانی تووشی شۆک کرد.

ئارسەر گوتویەتی: ریز لە ڕای مێسی دەگرم، ریزی دەگرم بەڵام کەس لەوان باشتر نییە باس لەو بابەتە بکاتن، هەروەها پێدەکەنێ، لێدوانەکانی ئارسۆر مەترسیدارە و تەنانەت گومانی خستۆتە سەر دەسکەوتەکانی بەرشلۆنە، کە پێدەچێت پەیوەندی نیوانیان بەرەو ئاقارێکی تر ببات، مەگەر ئارسەر داوای لێبوردن بکات، ئەگەر نا هەروەک هەندێک لە چاودێران پێیان وایە داهاتووی ئەو یاریزانە لە سەر کورسی یەدەگی بەرشلۆنە دەبێت وەک تۆڵەسەندنەوەیەکی مێسی و بەرشلۆنە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
The, 11. Jul. 2019 No: (5787)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



دوێنێ چوارشەمە 2019/7/10 لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی پەرلەمانی تایبەت بە متمانەدان بە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو کە تیایدا ڕێزدار مەسرور بارزانی لە پرۆسەیەکی دەنگدانی ئاشکرادا و بە 88 دەنگی پەرلەمانتاران بە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا.

دەنگ بە کابینەی (نۆ) درا..

سەلام عەبدوڵڵا

دوێنێ 2019/7/10 ڕێزدار مەسرور بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وەزیرەکانیدا سوێندی یاساییان خوارد دوای ئەوەی کە بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران متمانەیان پێدرا.
لە یەکەم وتاریدا سەرەکوەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە چڕوپڕی باسی بەرنامەی چوار ساڵی داهاتووی حوکمڕانی لە هەرێم کردو، ئیشارەتی بەوەدا کە حکوومەت دەبێ هی هەموو خەڵکی کوردستان بێت بێ جیاوازی و وەزارەتەکانیش دووربن لە حزبایەتی و ئەوانیش دەبێ بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بن.
هەروەها تیشکی خستەسەر ئەولەویەتی کارەکانی حکومەت کە لەسەرووپانەوە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵییە کە خۆشبەختانە لە هەرێمدا نەبۆتە کەلتوورو دەکرێ بەسەریدا، بە پشتیوانی وەزیرو کاربەدەستانی حکوومەت زاڵ بین و بەرتەسکی بکەینەوەو مۆڵەتی بۆ نەهێڵین و بەرامبەر گەندەڵکارانیش نەرمی نەنوێنین، ئەگەرچی دژایەتی گەندەڵی لە جیهانی سێهەمدا کارێکی هێندە ئاسان نییە، بەڵام بە هەوڵی دڵسۆزان و بە هاوکاری و چاودێری هاوواڵتییان و هۆشیارییان دەتوانین تا ڕادەیەکی باش ئەم دیاردەیە کەمبکەینەوەو بەیەکجاری لەمەودوا قەڵاچۆی بکەین.
یەکێ لەو کارە گرنگانەی تر کە کابینەی نوێ دەیخاتە ئەستۆی خۆی چاککردنی بژێوی هاوواڵتییانە کە بەهۆی بارودۆخی نالەباری هەرێم دوای هاتنی چەکدارانی داعش و بڕینی بودجەو مووچەی هەرێمی کوردستان هاتنەکایەوە کە لە ئەنجامیدا هەرێم بە ناچاری تووشی قەرزێکی زۆر بوو کە تا ئێستا بە تەواوی لەژێری دەرنەچووەو پێویستە حکوومەتی فیدراڵی عێراق ئەو کارە بخاتە ئەستۆی خۆی، چونکە گەر ئەوان مووچەو بودجەی هەرێم و یارمەتی پێشمەرگەیان نەبڕیایە ئەوا حکومەتی هەرێم تووشی ئەو بارگرانییە نەدەبوو.
لە وتارەکەی بەڕێزیشیاندا ئاماژە بەوە درا کە ئێستا پەیوەندی هەرێم و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ بەتایبەتی دوای دەستبەکاربوونی د. عادل عەبدولمەهدی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچێ و ڕوو لە ئاسایی بوونەوە دەکات بەرز نرخاندو هیوای خواست کە حکوومەتی فیدراڵ خاڵە دەستوورییەکان وەکو خۆی جێبەجێ بکات کە تێکڕای خەڵکی عێراق بە هەرێمیشەوە سوودمەند دەبێت لێی.



هەولێر... پێشانگای جیهانی (شەڕی ئەبیلا) کرایەوە

لەژێر چاودێری ڕێزدار (مەحمود محەمەد) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتیمان، پێشانگای جیهانی (شەڕی ئەبیلا) کرایەوە کە لەلایەن عەبدولڕەحمان پاشا ئامادەکراباوون جێی ئاماژەیە ئەم پێشانگایە شەڕی ئەربیلا و ئەسکەندەر و داریوش ڕۆڵی قارەمانێتی سەرکردەی کورد ئاریو بەرزەن لە شەڕی جیهانی پێش 2350 ساڵ نیشانی ئامادەبووانی دەدات و تاکو 11 مانگ لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەردەوام بێت.



سامان خانەقینی ئێوارەیەکی تاریکی خانەقینی بەشیعر ڕووناک کردەوە

خەبات: فاتمە قاسم حەبیب

سەنتەری چالاکی گەنجانی خانەقین لە مانگی ڕووناکبیری (شەهید سەلام) ئێوارە کۆڕێکیان بۆ شاعیری دورە وڵات سامان خانەقینی سازدا بە ئامادەبوونی دەیان لە شاعیران و ڕوشنبیرانی شارەکە. شیعرەکانی سامان خانەقینی لەژێر ناوی لە ئێوارەیەکی تاریکدا بوو کە گوزارشت لە خۆشەویستی و وەفا و میهرەبانییە بۆ خاکی کوردستان و بەدیهێنانی ئازادی بۆ میللەتەکەمان و شارە بێنازەکەمان خانەقین .

ڕۆژبین دۆسکی: هونەری ڕاپ مۆدێرنترین هونەرە بەلامەوە

سوارن سلێمان

ڕەوەند سەباح کە بەڕۆژبین دۆسکی ناسراوە خەڵکی شاری دهۆکە هەر لە دهۆکیش نیشتەجێیە، لەساڵی 2010ەوە دەستی بەکاری هونەری کردووە، چەند کلیپێکی بەشێوەی دوێت بلاۆکردۆتەوە، لەگەڵ هونەرمەند شڤان دۆسکی بە ناوی (ویلی ویلی) وە کلیپی (بەژنا شلک شلک) لەچاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ بە خەبات گوتی: یەکەم کلیپی تایبەت بە خۆی لەساڵی ٢٠١٨ بلاۆکردۆتەوە بەناوی (بوتەدژیم) کە زیاتر لە یەک ملیون بینەری هەبووە لەیوتیوبی خۆی، هەروەها، گوتیشی: لەمانگی پێشوو کلیپێکی بە ناوی (من کەس نەڤێت) بلاۆیکردۆتەوە، ئاشکراشی کرد کە ئێستا لە زانکۆی دهۆک دەخوێنێ لە بەشی ئینگلیزی.



لە وەڵامی پرسیارێکدا کە هونەرمەندبوون یان ناوونابانگ بوون چ شتێکی لێ سە ندۆتەوە؟ لە وەڵامدا گوتی: هیچ شتێکی لێ نەسەندوومەتەوە بە پێچەوانەوە شتی زۆری پێ بەخشیووم ،هەروەها ڕاشیگەیاند کە دایک و باوکی زۆر بالپشتی دەکەن و گوتی: پشتگیری دایک و باوکی وای کردووە کاری جوانتر بکات.

هەروەها لە لەوەڵامی بۆچی لەهونەر شیوازی ڕاپی هەڵبژاردووە؟ گوتی: هونەری ڕاپ مۆدێرنترین هونەرە بەلامەوە زیاتر خۆم لەم شێوازەدا دەبینمەوە و تێیدا سەرکەوتوم، لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ خەبات گوتی: ڕێزیکی تایبەتیم هەیە بۆ بینەرەکانم ئاشکراشی کرد کە، سەرقالی کلیپێکی نوێیە.